گۆشتی زانایان تاڵە

نووسینی

د. ناصر بن سليمان العمر

وەرگێڕانی

هێمن عەبدولعەزیز

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه

حاڵـەت و ڕابوونـی ئیـسلامی ئەمـڕۆمان زۆر پێویـستی بـە هۆشـداری و بێداری ڕۆڵەکانـی ئیـسلام و پێشەواو چاو ساغانی هەیە، گرفتێك کە لە هەموو گرفتان نالەبارتـرو ناهەمـوار تربێت، غیبەتی زانایان و دەبەرێکڕاچوونی قوتابیانی ئەم ڕابوونەن!

کـە حـەیفێ ئەبیـنین زۆرێـك لـە مـسوڵمانان لـە کـۆڕو کۆبوونەوەکانیاندا، کارو کاسبیان تەنها بۆتە غیبەت کردن و بەکەمگرتن و بێ بایەخ نواندنی کاری زاناو پێشەوایانی ئیسلامی.. جا لەبەر مەترسی بوون لە دەرنجامی ئەو کارە دزێوە، حەز ئەکەم بە چاوی دڵمان لەم بێداریەی خوارەوە بنۆڕین:

١. پـێگەی زانایـان لـە ئیـسلامدا، بـەرزو بڵـند و بە نرخ گیراوە، بۆیە پێویستە ڕیزیان بگرین و لەجێگەی بایەخی شەرعیدا حسێبیان بۆ بکەین.

٢. بایەخی زانایان لای خەڵکی خەریکە بەکەم ئەگیرێت!.

٣. خەڵکـی لـە نەزانـی و بـێ ئاگایـی خـۆیانەوە، کەوتـوونەتە داوی خـۆ خەریککردن بە زانایانەوە.

٤. بـێ ئاگایـی و دەرك پێنەکردنـی هێـندێ زانایـان بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو کێشەیە!

٥. هێرشـێکی زۆر نـاڕەوای هێندێ لە ڕێکخراوە دوو ڕوەکان و عەلمانیەکان بۆ سەر زانایانمان.

یەکەم: پێگەی زانایان لە ئیسلامدا:

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ﴾ (الزمر: ٩) واتە: بڵێ ئایا ئەوانەی کە ئەزانن، قەت وەك ئەوانەن کە نازانن؟

هەروەها خوای پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ﴾ (فاطر: ٢٨) واتە: بە ڕاستی زاناکان لە ناو بەندەکانی خوادا، هەر ئەوان لە خوا ئەترسن.

یان دەفەرموێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ﴾ (النساء:٥٩) واتە: ئەی ئەوانەی بڕوادارن، گوێڕایەڵی خوداو گوێڕایەڵی پێغەمبەر بکەن، وە ئەوانەیش کە لە ئێوەدا خاوەن فەرمان و کارن.

(أولي الأمر)یش وەك زانایان دەڵێن: بریتین لە زانایان، هێندێکیش لە ڕاڤەکاران ئەڵێن: بریتین لە پێشەواو زانایان.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ ﴿يَرْفَعِ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرٌ﴾ (المجادلة: ١١) واتە: بێگومان خوا ئەوانەی بڕوایان هێناوە پلەو پایەی بەرزو بڵندیان پێدەبەخشێت، خوایش ئاگایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.

هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (مَنْ يُرِدِ اللَّه بِهِ خيْراً يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ) رواه البخاري عَنْ مُعاوِيةَ رضي الله عنه. واتە: هەر کەسێك خوا بیەوێ خێری بهێنێتە ڕێ، لە ئاییندا شارەزای دەکات..

(ابن المنير) باسی (ابن حجر) ئەکات، کە لە شەرحی ئەو فەرموودەیەدا فەرموویەتی: (من لم يفقهه الله في الدين فلم يرد به خيراً) واتە: خوا کەسێك شارەزای دیین نەکات، خێری ئەو کەسی ناوێت.

هەروەك لە (أبو درداء) دەگێڕنەوە کەوا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (فضل العالم على العابد كفضل القمر على سائر الكواكب ليلة البدر. العلماء هم ورثة الأنبياء. إن الأنبياء لم يورثوا ديناراً ولا درهماً ، وإنما ورثوا العلم ، فمن أخذ به ؛ فقد أخذ بحظ وافر) رواه أبو داود والترمذي وابن ماجة عن أبي الدرداء رضي الله عنه وصححه ابن حبان. واتە: پلەو پایەی زانا لەسەر بەندە، وەك پلەو پایەی مانگە بەسەر تێکڕای ئەستێرەکان لەشەوی چواردەدا، زانایان میراتگری پێغەمبەرانن، پێغەمبەران نە دینار نە درهەمیان لە پاش خۆ جێنەهێشتووە، ئەوەی کە جێیان هێشتووە، زانستە، ئەو کەسەی دەستی بگاتێ، ئەوە دەستی لە بەختێکی باش گیر بووە.

هەر لە ئاقیدەی ئەهلی سوننەو جەماعەشدا هاتووە: کە:

۞ (شیخ عبدالرحمن بن السعدي) بە ڕەحمەت بێت، دەڵێت: (أنهم يدينون الله باحترام العلماء الهداة) ، أي أن أهل السنة والجماعة ، يتقربون إلى الله – تعالى – بتوقير العلماء ، وتعظيم حُرمتهم) واتە: ئەوان دینداریان لە ڕیزگرتنی زانا ڕێنماکانەوە ئەبینن. واتە: ئەهلی سوننەو جەماعە، لە خوا وەنزیك ئەکەون، بە هۆکاری ڕیزگرتنی زانایان و بە گەورە گرتنی حورمەتەکانیان.

۞ هەروەها (حسن البصري) بە ڕەحمەت بێت، دەڵێت: (كانوا يقولون : موت العالم ثلمة في الإسلام لا يسدها شيء ما اختلف الليل والنهار) واتە: دەڵێن:

مردنی بابایەکی زانا، قڵیشێکە لە ئیسلام، ئەم قڵیشەش پڕ نابێتەوە تا شەوو ڕۆژ لە یەك جیا بن.

۞ (ئیمامی ئەوزاعی) بە ڕەحمەت بێت، دەڵێت: (الناس عندنا أهل العلم . ومن سواهم فلا شيء). واتە: خەڵکی لای ئێمە ئەوانەن کە ئەهلی عیلمن، دەنا ئەوانی تر شتێك نین.

۞ هەروەها (سفيان الثوري) بە ڕەحمەت بێت، دەڵێت: (لو أن فقيها على رأس جبل ؛ لكان هو الجماعة). واتە: ئەگەر شارەزایەك لەسەر شاخێکەوە بوو، ئەوە جەماعەیە.

۞ هەروەك شاعیر دەڵێت:

الناس من جهة التمثال أكفاء
أبوهمُ آدم والأم حواء
فإن يكن لهم في أصلهم نسب
يفاخرون به فالطين والماء
ما الفضل إلا لأهل العلم إنهمُ
على الهدى لم استهدى أذلاء
وقدر كل امرأ ما كان يحسنه
والجاهلون لأهل العلم أعداء

واتە:

خەڵکی وەك یەك وان، بێ فەرق و جیایە
باوکییان ئادەمەو دایکیان حەوایە

شتێ کە مایەی فەخر بـــــــێ بۆ وان
ئەو قوڕو ئاوەن پێی پێکهێنــــــــرایە
ئەو فەزڵ و چاکەی کە زانا هەیـــــتی
ڕێنمای خودایە کە پێی درایـــــــــە
قەدری هەرکەسە، پەیوەست بەچاکە
هەر نەفام وایە لە دژ زانایـــــــــە

لێـرەوە پـێگەو مەقامـی زانایانمـان بـۆ ڕوون ئەبێـتەوە، بـۆیە پێویـستە کـە هەمیـشە پارێـزگاری لـە مافـیان بکـەین و وەك چـاو بیانپارێـزین و لـە بەردڵـی خەڵکـیدا شـیرین و نـرخدار بیانخەیـنە ڕوو. بـۆیە خـوای گـەورە فەرموویەتـی: ﴿ذَلِكَ وَمَنْ يُعَظِّمْ حُرُمَاتِ اللَّهِ فَهُوَ خَيْرٌ لَهُ عِنْدَ رَبِّهِ﴾ (الحج:٣٠) واتە: جا ئەوەی کـە سـنوورەکانی خوا بپارێزێ و ڕێزی لێ بگرێ، بێگومان ئەو کارەی پەسندو چاکە لای پەروەردگاری .

ترسـناکی قـسە گوتنـیش بـە زانایـان لـەو فەرمـوودە دایـە کـە پێغەمـبەر ﷺ دەفەرمـوێ: خـوای گـەورە فەرموویەتی: (من عادى لي وليا فقد آذنته بالحرب (رواه البخاري) واتە: ئەو کەسەی دوژمنایەتی لە گەڵ دۆستانی من بکات، ئەوا ئیعلانی شەڕم دەگەڵی دا کردووە.

جا کەوابوو: خۆشەویستان و خوێنەرانی هێژا:

تێکرا کە ئەزانین کە سوو خواردن حەڕامە، ئەوەی بیشیکات ئیعلانی شەڕی دەگەڵ خوا کردووە، ئەوەی کە وازیشی لێ نەهێنێت وتۆبە نەکات ئەوا تاوانێکی زۆر گەورەی کردووە!!

دەبێ بزانین کە ئازاردانی زانایان زۆر لەوە بە هێزترە کە خوا ئیعلانی شەڕتان لەسەرا دەگەڵ هەڵدەگیرسێنێ؟!.

هەروەك خەتیبی بەغدادی بە ڕەحمەت بێت، ئەڵێت: ئیمامی ئەبی حەنیفەو ئیمامی شافعی (ڕەحمەتی خوایان لێبێت) ئەڵێن: (إن لم يكن الفقهاء أولياء الله فليس لله ولي) واتە: ئەگەر شارەزایان دۆستی خوا نەبن، هیچ کەس نییە کە دۆستی خوابێت. هەروەها ئیمام شافعی (بە ڕەحمەت بێت) ئەڵێت: ئەو شارەزایانەی کە کار بە شارەزەییان ئەکەن، بریتین لەو زانایانەی کە کار بە کردەوەکانیان ئەکەن.

(ابن عباس) بە ڕەحمەت بێت، ئەڵێت: (من آذى فقيها فقد آذى رسول الله ﷺ ومن آذى رسول الله ﷺ فقد آذى الله –عز وجل) واتە: ئەو کەسەی کە ئازاری شارەزایەك بدات، ئەوا ئازاری پێغەمبەر (ﷺ)ی داوە، ئەوەی ئازاری پێغەمبەریش ﷺ بدات، ئەوا ئازاری خوای گەورەی داوە.

ئافاتەکانی زمان

پێویستە لێرەدا هەڵوەستەیەك بکەین و کەمێك دەبەر مەترسییەکانی زمان بوەستین:

هەڵبەت خوای پەروەدگار یەك زمانی داوە تا کەم قسە بکەین و دوو گوێی داوە تا زۆر گوێ بگرین، وەك خۆیشی فەرموویەتی: ﴿أَلَمْ نَجْعَلْ لَهُ عَيْنَيْنِ ۞

﴿وَلِسَاناً وَشَفَتَيْنِ﴾ (البلد:٩) واتە: ئایا دوو چاومان بۆ درووست نەکردوون، وە زمان و دوو لێومان پێ نەبەخشیون؟ هەر بۆیە زۆربەی زۆری خەڵکەکە ئەچنە دۆزەخ بە هۆکاری زمانیانەوەن.. بۆیە هەمیشە پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگاداری مەترسییەکانی زمانی کردووینەوە، لەوانە:

ئینسان ئەگەر لە زمانی خۆی بڕوانێت، ئەو دەم ئەزانیت کە خوا چ نیعمەتێکە کە پێی بەخشیوە، زمان ئەو پارچە گۆشتەیە کە گەورەیی ئەو خوایەی لێ بەدی ئەکەیت، کە چ خاوەن پلەو فەزڵێکە بەسەر ئەو بەندەوە، هەر لەبەر گەورەیی ئەو نیعمەتیە کە خوای پەروەدگار لە چیرۆکی موسا و لە سەر زمانی موسادا باسی لێوە ئەکات، کە فەرموویەتی: ﴿وَاحْلُلْ عُقْدَةً مِنْ لِسَانِي ۞ يَفْقَهُوا قَوْلِي﴾ (طـه:٢٧-٢٨) واتە: گرێی زمانم بکەرەوەو زمانم گۆیاو پاراو بکە، تا لە قسەو گوفتارو مەرامم تێبگەن.

یان دەفەرموێ: ﴿وَلا يَنْطَلِقُ لِسَانِي﴾ (الشعراء: ١٣) واتە: خوایە وام لێ مەکە کە زمانم پاراو نەبێ. یان کە لەگەڵ گەلەکەی قسە ئەکات و ئاماژە بە هاڕوونی برای ئەدات و دەفەرموێ: ﴿هُوَ أَفْصَحُ مِنِّي لِسَاناً﴾ (القصص:٣٤) واتە: (هاڕوون)ی براشم زمانی پاراوترە.

ئەگەر سەرنج بدەین لەوانەی کەوا لەو نیعمەتە بێ بەشبوو ون، ئەو دەم ئەزانین کە ئەو زمانە چ نیعمەتێکە کە خوا پێی بەخشیوین، ئایا بابای لاڵ ئەتوانێ تەعبیر لە حاڵی خۆی بکات؟! کاتێکیش کە ئەیەوێت لە حاڵی خۆی بدوێت، ئەوا ناچار ئەبێ کە هەموو ئەندامەکانی دە گەڵی بجووڵێنێت، ئەوجا هەر ناتوانێت هەموو ئەوەی کەو یستوویەتی دەری ببڕێت.

کەواتە نیعمەتی زمان، لە پێناو نیعمەتەکای ترە، بگرە زمان گەورەترین نیعمەتی خوایە بەسەر بەندەکان، کەوابوو ئایا تا ئێستا لە قەدەر ئەو نیعمەتەی خوایە بووین؟ ئایا هەوڵی شوکرانە بژێریمان داوە؟ کە هەڵبەت شوکرانە بژێریش لە دەرهەقیدا ئەوەیە کە پارێزگاری لێ بکەین و لە خێردا کاری پێ بکەین؟ بەڵام کە وایین؟ ئایا لە شایەتی ناهەق پاراستوومانە؟ ئایا لە غیبەت پاراستوومانە؟ بە تایبەت غیبەتکردنی زانایان؟! هەڵبەت نەخێر..!! بۆیە دەقەکان هەردەم مەترسی ئەو پارچە گۆشتە وە دیار ئەخەن و هۆشداری گۆبەندەکانیانمان ئەکەن، کە مایەی خەسارەتی و دۆڕانی دونیاو ئاخیرەتە.

خوا گەورە دەفەرموێ: ﴿إِذْ تَلَقَّوْنَهُ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُمْ مَا لَيْسَ لَكُمْ بِهِ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّناً وَهُوَ عِنْدَ اللَّهِ عَظِيمٌ﴾ (النور:١٥)، واتە: هەر دەماو دەم لە زمانی یەکتر قسە وەردەگرن، وە بە زارتان شتێك دەڵێن کە هیچ ئاگاییتان دەربارەی نییە، وا دەزانن کە ئەو بوختانە شتێکی سادەو ئاسانە، لە کاتێکدا لای خوا زۆر گەورەو مەزن و (ناقولایە).

یان سەبارەت بە دوو ڕووەکان دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا ذَهَبَ الْخَوْفُ سَلَقُوكُمْ بِأَلْسِنَةٍ حِدَادٍ﴾ (الأحزاب: ١٩)، واتە: هەر ترس و بیمیش ڕۆیشت و نەما، زمان درێژ دەکەن و دەمیان گەرم دەبێت.

یان دەفەرموێ: ﴿يَقُولُونَ بِأَلْسِنَتِهِمْ مَا لَيْسَ فِي قُلُوبِهِمْ﴾ (الفتح:١١)، واتە: ئەوانەی بە زمان دەیلێن لە دڵیانەوە دەرناچێت.

یـان دەفەرمـوێ: ﴿وَتَـــصِفُ أَلْسِنَتُهُمُ الْكَذِبَ أَنَّ لَهُمُ الْحُسْنَى﴾ (النحل:٦٢)، واتە: وە بە زمانیان باس و خواسی درۆ هەڵدەبەستن، کە بە تەمان لە دونیاش بەهەشت و خۆشی بۆ ئەوان بێت.

بـۆیە خـوای گـەورە هەمیـشە ئاگـاداری بەندەکان ئەکاتەوە، کەوا پارێزگاری زمانیان بکەن.

ئـەوەتا لـە شـوێنی تـردا دەفەرموێت: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً﴾ (الأحزاب:٧٠)، واتـە: ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن و پارێزکار بن، هەمیشە قسەو گوفتاری بە جێ و بە سوود بکەن.

یـان دەفەرمـوێ: ﴿مَا يَلْفِظُ مِنْ قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ﴾ (ق: ١٨)، واتـە: هەر قسەیەکی لە دەم دەرچێت خێرا چاودێرێکی ئامادە تۆماری دەکات.

یـان دەفەرمـوێ: ﴿وَلا تَقْــفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً﴾ (الاسراء:٣٦)، واتـە: لـە شتێك مەدوێ و باسی شتێك مەکـە کـە زانـستی و زانـیاریت دەربـارەی نییە، چونکە بە ڕاستی دەسگاکانی بیستن و بینین و تێگەیشتن هەر هەمووی، بەر پرسیارن لە بەرامبەریەوە.

وە لـە فەرمـوودەی پێغەمبەر ﷺ دا هاتووە کە دەفەرموێ: (وهل يكبُّ الناس في الـــنار علـــى وجوههم إلا حصائد ألسنتهم) رواه الترمذي، واتـە: خەڵکی نێو چـەوانیان لـە ئاگرێدا ناچـەقێت، تـەنها بـە هـۆکاری زمانـیانەوە نەبـێت. وە پێغەمـبەر ﷺ دەفەرمـوێ: (مَنْ يَضْمَنْ لِي ما بيْنَ لَحيَيْهِ وَمَا بيْنَ رِجلَيْهِ أضْمنْ لهُ الجَـــنَّة). متفقٌ عليهِ عَنْ سَهْلِ بنِ سعْدٍ رضي الله عنه، واتـە: کەسـێك نـێوان سمێڵ و ڕیش

(زمان)و نێوان قاچەکانی (دامێن)ی دەستەمۆ بکات، منیش بەهەشتی بۆ دەستەمۆ ئەکەم.

سوپاس بۆ خوا زۆرێك لە گەنجەکانمان ئەبینین کە دامێنی خۆیان پاراستووە، بەڵام سەد حەیف و موخابن کە لە پاراستنی زمانیان نابووت وماڵ وێرانن. زۆر بە دەگمەن زمانیان لە غیبەتی زانایان پاراستووە؟ لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ: (الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسانِه ويَدِه) متفق عليه، عن عبد اللَّه بن عَمْرو بن الْعاص رضي اللَّه عنهما. واتە: مسوڵمانی ڕاستەقینە ئەو کەسە، کە مسوڵمانان لە دەست و زمانی دڵنیا بن.

یان دەفەرموێ: (إنَّ الْعَبْد لَيَتَكَلَّمُ بِالكَلِمةِ مَا يَتَبيَّنُ فيهَا يَزِلُّ بهَا إلى النَّارِ أبْعَدَ مِمَّا بيْنَ المشْرِقِ والمغْرِب) . متفقٌ عليه، عَنْ أبي هُرَيْرَةَ ﷺ، واتە: بەندە قسەیەکی ئەوتۆ ئەکات، کە بیری لێ ناکاتەوە داخوا باشە یا خراپ، بەو قسەی بە دوورتر لە نێوان ڕۆژ هەڵات و ڕۆژئاواوە ئەخلیسکێتە نێو ئاگرەوە. (خوا پەنامان بدات)

یان شاعیر ئەڵێت:

احفظ لسانك أيها الإنسان
لا يلدغنك إنه ثعبانُ
كم في المقابر من قتيل لسانه
كانت تهاب لقاءه الشجعانُ

واتە:

زمانت بگرە ئەی بەنی ئادەم

نەکا بتگەزێ وەك مارە هــــــــەردەم
چەند مردوو هەن کوشتەی زمانـــــین
کامەی زۆر ئازان ئەیخاتە سەر (دەم)

یان دەڵێت:

الصمت زين والسكوت شجاعـــــة
فإذا نطقت فلا تكن مكثـــــــــاراً
فـــإذا نـــدمـــت على سكوتك مرة
فلتندمن على الكلام مـــــــــراراً

واتە:

گوێگرتن جوانەو بێ دەنگیش مەردی
ئەگەر قسەت کرد زۆر مەڵێ چیـــدی
گەر لە بێ دەنگیتا یەکجار پەشیـــوان
لە قسە کردنتا چەندین جـــاری دی

(حـــاتم الأصـــم) دەڵـێت: ئەگـەر یەکـێ لەوانەی کەر هەردەم وە دوای قسەی خەڵکیوەن و چی لە دەمیانەوە دەر بچێت، ڕاست و ڕێك دێن و ئەینووسنەوە، ئـەوا بـەردەوام تۆخـۆتت لێـی ئەپاراسـت، بـەلاَم ئـەی بـۆ بیر ناکەیتەوە، کە ئەوەتا یەکێك هەیە کە قسەکانت وەر ئەگرێت و بە چاکو بە خراپەوە (هەتا لە

چرپەی دڵیش وە ئاگایە) ئەینووسێت، بە بێ ئەوەی کە تۆ هەستت پێی کردبێت کە نایەیت خۆتی لێ بپارێزیت؟!!

لێرەدا شتێك پێویستە وە دیار کەوێت:

ئەگەر غیبەت کردنی زانایان خراترین و دژوارترین جۆری غیبەت بن، ئەوە ناگەیەنێت کە خواردنی گۆشتی خەڵکانی تر درووست بێت، بگرە ئەویش هەر حەرامە وەك باقی ئەوانی تر، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلا يَغْتَبْ بَعْضُكُمْ بَعْضاً أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَنْ يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتاً فَكَرِهْتُمُوهُ﴾ (الحجرات: ١٢)، واتە: وە لە پاشملە باسی یەکتری مەکەن، و ناوی یەکتری بە خراپ مەبەن، ئایا کەستان خۆشی دێت لەوەی گۆشتی برای خۆی بە مردوویی بخوات؟! دیارە کاری واتان زۆر پێ سەخت و ناخۆشە.

یان دەفەرموێ: ﴿وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَاناً وَإِثْماً مُبِيناً﴾ (الأحزاب:٥٨)، واتە: ئەوانەیش کە ئازاری پیاوانی بڕوادارو ئافرەتانی بڕوادار دەدەن، بێئەوەی تاوانێکیان ئەنجام دابێت، ئەوانە بوختان و گوناهو تاوانێکی ئاشکرا دەگرنە ئەستۆ.

یان پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (كُلُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ حرامٌ عِرْضُهُ ومالُه ودمُهُ التَّقْوَى هَاهُنا ، بِحسْبِ امْرِيءٍ مِنَ الشَّرِّ أَنْ يَحقِرَ أَخاهُ المسلم) رواه الترمذيُّ وقال : حديث حسن، عن أَبي هريرة. واتە: هەموو مسوڵمانێك ئابڕوو و ماڵ و خوێنی لە سەر مسوڵمانانی تر حەڕامە، (قامکی بۆ سەر سینگی درێژ کردو فەرمووی:) پارێزکاری ئا لێرەیە، بەسە بۆ کەسێك کە شەڕی تێکەوێ بە هۆکار ڕقێك کە لە برای مسوڵمانی خۆی بگرێت.

یان لە (حجَّــةِ الودَاعِ)دا دەفەرموێ: (إنَّ دِماءَكُم ، وأمْوالَكم وأعْراضَكُم حرامٌ عَلَــيْكُم كَحُــرْمة يومكُم هذا ، في شهرِكُمْ هذا ، في بلَدِكُم هذا ، ألا هَلْ بلَّغْت) مــتفقٌ عليه عنْ أبي بكْرة ﷺ، واتـە: بـێگومان، خوێنتان، ماڵتان، ئابڕووتان لە یەكتر حەرامە، وەك حەرامبوونی ئەمڕۆ، لـەم مانگە پـیرۆزەی ئەمڕۆداو لەم شارەتاندا ، ئایا ڕامگەیاند؟

یان دەفەرموێ: (أَتَــدْرُونَ ما الغِيبةُ؟» قَالُوا : اللَّه ورسُولُهُ أَعْلَمُ ، قال : ذِكرُكَ أَخَاكَ بما يكْرَهُ، قِيل : أَفرأيْتَ إن كان في أخِي ما أَقُولُ ؟ قَالَ : إنْ كانَ فيهِ ما تقُولُ فَقَــدِ اغْتَبْته ، وإنْ لَمْ يكُن فِيهِ ما تَقُولُ فَقَدْ بهتَّهُ) رواه مسلم عنْ أبي هُرَيرةَ ﷺ.
واتـە: ئایـا ئـەزانن، قـسەی پاشملـە چـییە؟ گوتـیان خـوداو پـێغەمـبەرەكەی ئـەزانن، فەرمـووی: بـاس كردنـی بـرایەكتە بـە چەشـنێك كـە پـێی ناخۆشـە، گوتـیان: ئـەی ئەگـەر ئـەوەی كـە ئەیلـێین لـە بـراكانماندا هەبوو؟ فەرمووی: ئەگـەر وابـێت كـە ئەلـێیت: ئـەوە غـیبەتت كردووە، ئەگەر وایش نەبێت، ئەوە تۆمەتت بۆی هەڵبەستووە.

هـەروەك لـە سـونەنی ابـی داودیـشدا هاتـووە كـە لـە ئەنـەس دەگێـڕنەوە كـە پـێغەمـبەر ﷺ فەرموویەتـی: (لَمَّـــا عُـــرِجَ بي مررْتُ بِقَوْمٍ لَهُمْ أظْفَارٌ من نُحاسٍ يَخمِـــشُونَ بِهَا وجُوهَهُمْ وَصُدُورَهُم ، فَقُلْتُ : منْ هؤلاءِ يَا جِبْرِيل ؟ قَالَ : هؤلاءِ الَّـــذِينَ يَأْكُلُونَ لُحُومَ النَّاسِ، ويَقَعُون في أعْراضِهِمْ) رواهُ أبو داود عَنْ أَنسٍ ﷺ،
واتـە: كاتـێ كـە بـۆ ئاسمانـەكان هەڵكـشێنرام، بەلای كۆمەڵێكدا ڕەتبووم، كە نینۆكـیان لـە (مـس) بـوو، دەمـو چاوو سینەیان پێی هەڵئەدڕی، ئەڵێ، گوتم:

ئەوانە کێن ئەی جبریل؟ ئەڵێ، ئەویش فەرمووی: ئەوانە کەسانێکن کە گۆشتی خەڵکی ئەخۆن و دوای ئابڕوویان ئەکەون.

کەواتە ئەگەر ئەوە خراپەی کاری دەمشڕان بێت، کە هەردەم وەدوای عەیبی خەڵك ئەکەون و غیبەتیان ئەکەن، ئەی چی دەڵێیت: بەوانەی کە دوای عەیبی زانایان ئەکەون؟

بۆیە (ابن القیم) بە ڕەحمەت بێت، لەو بارەوە قسەیەکی ئەوتۆی هەیە کە بە ڕاستی ئی ئەوەیە کە بە ئاوی چاوەکانەوە بنووسرێن، چون ڕێك دەگەڵ ئەو حاڵەتەی ئێستای ئێمەدا ئەگونجێت، دەفەرموێ: (چەند کەس ئەبینیت کە لە گوناه و سەرپێچی و زوڵم و تاوانەکانیاندا وەرەع بەکار دێنن ، بەڵام زمانیان تیژ کردووەو غیبەت ئەکەن ولە مردوو و زیندوانیش ناپێچنەوە ! !

هۆیەکانی خواردنی گۆشتی زانایان؟

ئەگەر سەرنجی حاڵی غیبەتکاران بدەین ئەبینین کە گەورەترین هۆکاری غیبەتکردنیان ئەم چەند کارەی خوارەوەن:

١. (الغَیْرةَ والغیِرة): ئەو دوو زاراوە لە ڕووی نووسینەوە، یەك شێوەن، بەڵام لە جۆری خوێندنەوەیان دووشتی لێك جیاو دوو مانای لێك جیان. هەردووکیان بە مانای پڕکێشی دێن، بەڵام یەکەمیان شتێك بەدەست ئەداو ئەوی تریان شتی تر.

(الغَیْرةَ) پڕکێشییەکی ویستراو و ڕێپێدراو، چون پڕکێشییە بۆ دینی خواو، ڕق هەڵسانێکە لە پێشێلکردنی ئەو سنوورانەی کە نە دەبوو پێشێل بکرێن، بەڵام

ئەگەر ئەو کەسەی کە ئەم پڕکێشیە ئەنوێنێت، ئاگاداری خۆی نەبێت، ئەکەوێتە بەر گۆشتی زانایان، بە بێ ئەوەی کە هەستی بە خۆ کردبێت.

بەڵام (الغِيرة) ئەوە شتێکی خراپ و نەویستراوە، چون پەیوەستە بە ئێرەییەوە، مەبەستیش لێرە قسەو ڕەخنەی زانایانە لە زانایان. بۆیە سەعیدی کوڕی جوبەیر (بە ڕەحمەت بێت) ئەڵێت: گوێ لە زانستی زانایان بگرن، بەڵام شتێك کە ئەوان هێندێکیان بە هێندێکیان ئەڵێن، تۆ باوەڕت پێی نەبێت، سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بەدەستە، ئەوان هێندە لەسەر یەك لە پڕکێشی دان خراتر لەو بزنە شاخدارەی کە لە سکی ناحەزەکەی هەڵئەداو هەڵیئەدڕێنێت.

٢. ئێرەیی (الحسد): دیارە کە ئێرەیی هەم کوێر کەرو هەم گوێ بەرە، وەك ئەو کارە کێبڕکێیەی کە هێندێ لەگەڵ هێندێکدا ئەیکگرنە بەر، وەك کێبڕکێ بوون لەوە کە کامیان زووتر بگەن بەکار بە دەستێك، یان کامیان زووتر ئەگەن بە ناو بانگی و دەوڵەمەندی.

٣. حەزو ئارەزوو: هێندێ لەوانەی کە دەم لە گۆشتی زانایان وەر ئەدەن، حسێبێك بۆ خوای بۆ نەکراوە، بگرە تەنها حەزو ئارەزووێکە کە پاڵنەری ئەو کارەیان بووە! دیارە شوێن کەوتنی حەزو ئارەزووش هەرگیز بەرەو ئاکامی خێر نەچووە، وەك خوای گەوەر دەفەرموێ: ﴿وَلا تَتَّبِعِ الْهَوَى فَيُضِلَّكَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ﴾ (ص: ٢٦) واتە: هەرگیز شوێنی ئارەزوو مەکەوە، تا نەبێتە هۆی گومڕاکردن و لادانت لە ڕێبازی خوا، بۆیە شێخی ئیسلام (ابن تيمية) بە

ڕەحمەت بێت، ئەڵێت: (صـــاحب الهوى يُعْميه الهوى ويُصمه). واتە: خاوەن حەزەکان، حەزەکانیان هەم کوێر، هەم لاڵیان ئەکەن.

وە سەلەف سالّح ئەڵێن: (احذروا من الناس صنفين، صاحب هوى قد فتنه هواه ، وصاحب دنيا أعمته دنياه) واتە: ئاگاتان لە دوو پۆلی خەڵك بێت، ئارەزوو خواز، کە ڕەنگە بە دەردی (دەرد)ی بەرن، ئەوی تر کە دونیا خوازەو دونیاکەی کوێری ئەکەن..

٤. چاو لێکەری (التقليد): بۆیە ئەبینین کە خوا چۆن بێ باوەڕان بێ نرخ ئەگرێت، لەوە کە ئەیانگوت: ﴿إِنَّــا وَجَـــدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِمْ مُقْـــتَدُونَ﴾ (الزخرف: ٢٣) واتە: ئێمە باوانی خۆمان بینیوە پابەندی بیروباوەڕێك بوون و ئێمەش چاو لەوان دەکەین.

هەڵبەت هەموو چاو لێکردنێکیش مەزمووم و قێزەوین نییە، بەڵکو لای زانایان هەر جۆرەو لێکدانەوەی خۆی هەیە، بەڵام لێرە من مەبەستم ئەو تەقلیدەیە کە ڕات ئەکێشێت بۆ دەم تێوەردانی گۆشتی زانایان، تۆ هێندێ جاران گوێت لە هێندێ کەس ئەبێت کە ئەکەوتە داوی غیبەتی زانایان، کاتێ کە تۆ دێیت و پرسیاری لێ ئەکەیت، ئایا خۆت گوێت لەو زانایە بووە؟ ئەویش ئەڵێت: نا بەخوا، ئینجا کە پێی ئەڵێیت: ئەی چۆن ئاگاداری حاڵی ئەو زانایە بوویت؟ چۆن ئاگاداری قسەو نووسراوەکانی بوویت؟ ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێت: ئاخر فولان کەس وای بۆ باس کردوو وم!!! ئا بەم جۆرە قسە زۆر بە ئاسانی بە زانایان ئەگوترێ لە بەر تەقلیدێك کە پەیڕەوی کردووە، لە کاتێکدا کە (ابن مسعود رضي الله عنه) دەفەرموێت: نەکەن یەکێك لە ئێوە بۆ پەیڕەوەی دینەکەی چاو لە ئێمە بکەن، وەك پیاوێك کە ئەگەر لاسایی کەسێك کاتەوە، گەر ئەو کەسە

باوەڕ بێنێ و ئەویش باوەڕ بێنێ، کافریش بێ و ئەمیش کافر بێت، چون پێشەنگی هەرگیز لە شەڕدا نییە.

ئیمامی ئەبو حەنیفە بە ڕەحمەت بێت، ئەڵێت: (لا يحلُّ لمن يُفتي من كُتُبي أن يُفتي حتى يعلم من أين قلتُ) واتە: درووست نییە کە کەسێك فەتوا بە کتێبی من بدات، تا نەزانێت کە من ئەو قسانەم لە کوێ هێناون. یان ئیمام ئەحمەد بە ڕەحمەت بێت، ئەڵێت: (من قِلة علم الرجل أن يقلِّد دينه الرجال) واتە: لە کەمی عیلمی پیاو ئەوەیە کە بۆ پەیڕەو کردنی دینەکەی چاو لە پیاوان بکات.

٥. دەمارگیری: ئەمە لە نێوان قوتابیانی زانستی زۆر ئەبینرێت، بۆیە ئەبینین کە دەمارگیری بەرچاوترین هۆکارە بۆ کەوتنە بەر غیبەتی زانایان، یان دەمارگیری حیزبی، هەروەتر، بۆیە ئەبینین کە چۆن بەرژەوەندی تەسکی حیزبی وای لە زۆر مسوڵمانان کردووە کە بکەونە بەر گۆشتی زانایان و غیبەتیان بکەین.

بۆیە زۆر جاران دەبینین کە هێندێ لە قوتابییانی عیلم قسە لەسەر هێندێ لە زانایان ئەکەن، کەچی لە پڕ ئەبینیت کە هەڵوێستیان ئەگۆڕێت و ئەوجارە لە جیاتی زەم کردنیان ئەکەونە پیاهەڵدانیان ؟!

بۆیە ئەو کەسانەی کە دەمارگیرییان بۆ شێخەکانیان یا حیزبەکانیان هەیە، کاتێ کە ئەو شێخە لە هەق لادبات و گومڕا بێتەوە، یان حیزبەکەیان لە دینگەڕێتەوە، ئەوا زۆر بە ئاسانی ئەوان وە دوای ئەمان دەکەونە داوی گومڕاییەکەوە ! !

بۆیە (ابو حامد الغزالي) بە ڕەحمەت بێت، لە زەمی دەمارگیریدا دەڵێت: (وهذه عـــادة ضـــعفاء العقول، يعرفون الحق بالرجال،لا الرجال بالحق). واتە: ئەمە دابو نـەریتی ئـەقڵ لاوازەکانـە، کـە هـەق بـە پـیاوان ئەناسـنەوەو، پـیاو بـە هـەق ناناسنەوە.

٦. جـۆری فێـر کـردن: لەم سەردەمەی خۆماندا، ئەبینین کە گەنجێك تازە پێ ڕائـەگات، دەسـت دەکـات بـە فەتـوا دان و ڕەخنە گرتن لە زانایان، بۆیەش وا ئـەکات تـا ڕاو بۆچـوونی خۆی لە سەر حسێبی زەمکردنیان بە هێز ببینێتەوە، بـۆیە نـەفامترین کـەس ئـەو کەسەیە کە بە قەدری خۆی نەزانێ و سنوورەکان خۆی زوو بە زوو ببەزێنێت.

٧. دوو ڕوویـی و بوغزاندنی هەق: خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ فَـــزَادَهُمُ اللَّـــهُ مَرَضـــاً﴾ (البقرة:١٠)، واتـە: ئەوانـە لە دڵودەروونیاندا دەردو نەخۆشـی هەیـە، خـوایش ئەوەنـدەی تـر دەردیـان کاریگـەر دەکـات.. یـان دەفەرموێ: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ آمِنُوا كَمَا آمَنَ النَّاسُ قَالُوا أَنُؤْمِنُ كَمَا آمَنَ السُّفَهَاءُ أَلا إِنَّهُـــمْ هُمُ السُّفَهَاءُ وَلَكِنْ لا يَعْلَمُونَ﴾ (البقـره:١٣)، واتە: کاتێ پێیان دەبێژرێ ئیمان و باوەڕ بێنن وەکو ئەو هەموو خەڵکە کە باوەڕیان هێناوە، دەڵێن: چۆن ئـێمە وەکـو ئەو خەڵکە کەم ئەقڵو گێلانە باوەڕ دێنن، دە چاك بزانن و ئاگادار بـن کـە هـەر ئەوانـە خۆیان کەم ئەقڵو گێل و نەفامن، بەڵام بەخۆیان نازانن و هەستی پێ ناکەن.

یـان ﴿وَإِذَا لَقُوا الَّذِينَ آمَنُوا قَالُوا آمَنَّا وَإِذَا خَلَوْا إِلَى شَيَاطِينِهِمْ قَالُوا إِنَّا مَعَكُمْ إِنَّمَا

﴿نَحْـــنُ مُـــسْتَهْزِئُونَ﴾ (البقرة:١٤)، واتـە:کاتـێك (کە دووڕووەکان) بە بڕواداران دەگـەن دەڵـێن: ئـێمە بـڕواداریـن و باوەڕمـان هێـناوە ! ، کەچـی کاتـێك کـە بەتـەنها دەمێنـنەوە لـە لای شـەیتانەکانیان،دەڵێن: ئێمە هەر لەگەڵ ئێوەین، ئێمە تەنها گاڵتەیان پێ دەکەین و پێیان ڕادەبوێرین.

کەواتـە دوو ڕووەکـان حـەزیان بـە هـەق نیـیە، دوو ڕووانـی ئەمـڕۆش کـە عەلمانـیەکان و نەتـەوە پەرسـتەکانن، هەمـوو ئەمانـەن کە ئەمڕۆ گەورەترین هۆکاری دەموردانن لە گۆشتی زانایان.

عەلمانییەکان ئەمڕۆ قسەی خراپ لە سەر زانایان درووست ئەکەن، قسەیان پێ دەڵێن بە خراپترین قسە...!!

٨. نەخـشەی دوژمنانـی ئیـسلام: عەلمانییەکان خوا ڕیسوایان بکات، دەرکیان بـەوە کـردووە، کـە چاکترین هـۆکار بۆ ناشرین کردنی ئیسلام، ناشرین کردنی زانایانـە، چـون ناشـرین کردنی زانایان ڕێگەی زۆریان بۆ کورت ئەکاتەوە لەوە بگـەن بـە گومڕاکـردن و سەرشێواندنی ئەهلی ئیسلام. چون ئیسلام لە ڕێگەی زانایانـەوە ئەناسـرێت.. ناشـرین کـردن و لە بەرچاو خستنی زانایان لە بەرچاو خستنی ئیسلامە.

سەرنجامی دەموەردان لە گۆشتی زانایان

هەڵـبەت غیـبەت کردنـی زانایـان وەك هەمـوو دەردەکانـی تـر سـەرنجامی زۆر خراپی لێ ئەکێتەوە، لەوانە:

١. بریندار کردنی زانایان، ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو هەقانەن کە ئەوان ئەیڵێن:

چـون بـریندار کردنـی زانایـان بـریندار کردنێکـی سـادە نیـیەو وەك بـریندار کردنێکی کەسێکی ئاسایی نیە.

بێ باوەڕان زۆر چاك لەم خاڵە گەیشتبوون، بۆیە نەدەهاتن ڕاستەو خۆ ڕەخنە لـە ئیـسلام بگـرن، بەڵکو دەهاتن تانەیان لە کەسی پێغەمبەر ﷺ ئەدا، چونکە زۆر چـاك دەیانزانـی ئەگـەر شـێوەو ئاکـاری پێغەمـبەر ﷺ لە بەر چاوی خەڵك بـشێوێنن ، ئـەوە زیاتـر ئەتـوانن کـە خەڵکـی لـە دەوری هەڵگەڕێنـنەوە، بۆیە دەهـاتن دەیانگـوت: مـوحەممەد سـاحیرە، فاڵـچییە، شێتە... بەڵام لە هەموو تۆمەتەکانیان هەر شکستیان ئەهانی (والحمدلله).

لەگـەڵ ئـەوەی کـە لـە پـێش پێغەمبەرایەتـی دەیانگـوت: ئەمیـنە، ڕاستگۆیە، حەکـیمە، جـێگەی مـتمانەیە، ڕاسـتگۆیە، بەڵام چی شتێك وای لێکردن ئاوا بە ئاسـانییە دوا بـەدوای بوونی بە پێغەمبەر ﷺ هەڵوێستیان ئاوا بگۆڕێت؟! چی وای لـێ کـردن ئـەوجارە بـە درۆزن، یـان سـاحیر، یـان شێت، یان فاڵچی ناوی بەرن؟!

دیـارە ئـەوە مەبەسـتیان کەسـی پێغەمـبەر ﷺ نەبـوو، چـون زۆر چاك ئەویان دەناسـی و ئـەو مـوحەممەدەی ئێـستا ئەڵێت من پێغەمبەرم، ئەو موحەممەدە ڕاسـت گۆیەی کـە هەموو تێکڕا ئەیانناسی! بەڵام لە بەر ئەوەی کە پێغەمبەر ﷺ نێـرراوی خـوا بـووەو بەرنامەیەکـی تایبەتـی هێناوە، بۆیە ئێستا دژایەتی ئەکـەن. چـونکە دەیانزانـی ئەگـەر بیانتوانـیایە شـێوەی پێغەمـبەر ﷺ لـە بەر چاوی خەڵکی ناشرین بکەن، ئەوا سەرکەوتنیان وە دەست هێناوە لە درووست کردنی پەرچ لە ڕێگەی ئەم هەقەوە، هەر ئەمەشە شێوازی دووڕووکانی ئەمڕۆ.

٢. تانە گرتن لە زانایان تانە گرتنە لە زانستەکانیان کە میراتی پێغەمبەرن ﷺ:

چون زانایان میراتگری پێغەمبەرانن، کەواتە تانە گرتن لە زانایان تانە گرتنە لە پێغەمبەران، ئەمەیە مانای قسەکەی (ابن عباس) کە دەیفەرموو: (أن من آذى فقيها فقد آذى رسول الله ﷺ ومن آذى رسول الله ﷺ فقد آذى الله - جل وعلا -). واتە: ئەوەی ئازاری فەقیهێك بدات، ئەوا ئازاری پێغەمبەری داوە ﷺ، ئەوەی ئازاری پێغەمبەریش ﷺ بدات، ئەوا ئازار خوای بەرزو بڵندی داوە، کەواتە ئەوەی تانە لە زانایەك بگرێت، تانە لەو زانستەی ئەگرێت کە لایەتی. ئەوەی تانەش لە زانست بگرێت، ئەوە تانەی لە میراتی پێغەمبەر ﷺ گرتووە، کە وایشبوو ئەوە تانەی لە خودی ئیسلام گرتووە بە بێ ئەوەی کە ئەو کەسە هەستی پێ کردبێت.

٣. تەجریح کردنی زانایان ڕێگە خۆش ئەکەن بۆ سڵکردنی خەڵکی لە زانایان:

تا وای لێ دێت ئوممەت بە بێ زانا بمێننەوە، کەوایشبوو ڕوو بەڕووی مەترسی و هەڵە ئەبنەوە، وە ئەکەونە گرفت و خراپەوە، هەر ئەوەشە ئەمڕۆ کە ئەترسین گەنجەکانمان لێی تێ بکەون.

٤. ئەگەر تانە لە زانایان دراو تەجریح کران، ئەوا لای خەڵکی ناشرین ئەبن و کەسایەتی و شان و شەوکەتیان لای خەڵکی کەم ئەبێت: هەر بەوەشە کە دوژمنانی ئیسلام دڵشادو شادومان ئەبن. هەتا یەکێك لەو بە هیلاك چووانەی عەرەب لە وڵاتە عەرەبییەکان، بە گاڵتە ئەیگوت: (عالم .. شيخ .. أعطه فرختين ؛ فيفتي لك بالفتوى التي تريد) زانا.. شێخ.. دوو جووجەڵیان پێ بدەیت، فەتوات بۆ ئەدەن چۆنی خۆت بوێت؟!!

حەیفێ، ئەبینی کە ئەمرۆ لە زۆربەی زۆری وڵاتە ئیسلامییەکان ڕێزی زانایان لای خەڵکی کەم بۆتەوە ، کاتێ کە بۆ وڵاتێك ئەچیت و پرسیار دەربارەی زانایانی ئەوێ ئەکەیت، ئەبینیت کە کەس نییە بزانێ کە زانای ئەمشارە کێیەو کێن دەمڕاست و پیشاندەری ئەم دینە !، لە بەر ئەوەی تیری عەولەمە زۆر خراپ بەر زانایان کەوتووەو لە بەرچاو خەڵکی سەنگو مەحەکییان لە دەستدراوە !، بۆیە ئەبینین کە زانایان ئەمڕۆ هێندە بێ نرخکراون !.

٥. **بە ئامانج هێنانی نەخشەی دوژمنانی ئیسلامە:** وەك تانە گرتن لەوانەی کە بە کاری فەرمان بەچاکەو ڕێگرتن لە خراپە هەڵدەستن، یان تانە گرتن لە قازیەکان، یان لە بانەگەوازکاران. ئەمەش نەخشەیەکی ژەهراوی بەرنامە داڕێژی دوژمنانی ئیسلامە، وا ئێستا خەریکە لە سەرو بەندی تانەگرتن لە زانایان و شارازایانی ئەم دینە خەونی گلاویان دێتە دی.

بەرنامەی درووست و چارەسەرێکی گونجاو

دوای ئەوە زانیمان کە خواردنی گۆشتی زانایان چ خراپە و خراپکارییەکی لێ دەبێتەوە، ئەپەڕینەوە بۆ بەرنامەیەکی ڕاست و درووست و لە وێدا دەرمانی ئەو دەردە ترسناکە دەخەینە ڕوو:

لێرەوە بۆ خستنە ڕووی چارەسەرەکان سێ شت ئەکەین بە دەزگای خستنە ڕووی ئەو چارەسازیە:

١. چی لە سەر زانایانە کە بیکەن لە دەرهەق ئەو گرفتە کەنەفتە؟

٢. هەڵوێستمان چی بێت لە دەرهەق زانایان؟

٣. ڕێگەیەکی ساغ و درووست بۆ ڕوونکرنەوەو شی کردنەوەی هەق، بە بێ ئەوەی کە بکەوینە داوی تانە گرتن لە زانایانەوە.

یەکەم: چی لەسەر زانایانە؟

لەسەر زانایانە کە پارێزگاری لە خۆیان بکەن، هەموو ئەو ڕێیانەی کە ڕێخۆشکەرن بۆ دەم تێوەژەنینی گۆشتەکانیان لە لایەن خەڵکی نەفامەوە، ئەبێ زۆر ئاگادار بن کە خۆ نەخەنە ئەم چوار چێوە خراوەوە، وەك پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (على رسلكما . إنها صفية)، ئەوە ئەو کاتەی کە پێغەمبەر ﷺ لە گەڵ (صفية)ی خێزانی بە ڕێدا ئەڕۆیشتن، کۆمەڵێ لە یارانی پێغەمبەر ﷺ کە بینینیان، کەمێ پێیان هەڵگرت و توند ڕۆیشتن، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: کەمێ هێواش بن، چون ئەوە (صفية)ی خێزانمە، بۆیەش وای فەرموو، تاکو ئەم پۆڵە یارەی پێغەمبەر ﷺ گومانی خراپی پێ نەبەن کە ئەو ئافرەتە کێیە کە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ بە ڕێدا ئەڕوات! بەم شێوە پێغەمبەری خوا ﷺ بەرگری لە خۆی و لە کەسایەتی خۆی دەکرد، لە گەڵ ئەوەی کە یارانی پیرۆزی هەرگیز گومانی خراپیان بە پێغەمبەر ﷺ نە ئەبرد. هەتا پێیان سەیر بوو کە پێغەمبەر ﷺ ئەوە ئەڵێت، بەڵام پێغەمبەر ﷺ بۆی ڕووندەکردنەوە، کەوا شەیتان وەك خوێن بە ناو دەمارەکاندا هاتوو چۆ ئەکات.

هێندێ لەو ڕێگایەنەی کە پێویستە زانایان بیگرنە بەر بۆ ئەوەی گومانی خراپیان پێ نەبردرێ، ئەم چەند ڕێگەی خوارەوەن:

١. ئەبێ زانایان پێشەنگو سەر مەشق بن هەم لە ڕووی زانستەوە، هەم لە ڕووی کردەوەییەوە: چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ

وَتَنْسَوْنَ أَنْفُسَكُمْ وَأَنْتُمْ تَتْلُونَ الْكِتَابَ أَفَلا تَعْقِلُونَ﴾(البقرة:٤٤).

واتە: (کەی ئەوە ڕاستە) فەرمانی چاکە بە خەڵکی بدەن و خۆتان فەرامۆش بکەن؟! لە کاتێکدا خۆ ئێوە کتێبی خوا دەخوێننەوە، ئایا ئێوە لەم حاڵەی خۆتان بیر ناکەنەوەو هۆشتان ناخەنە کار؟ یان دەفەرمووێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لا تَفْعَلُونَ ۞ كَبُرَ مَقْتاً عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لا تَفْعَلُونَ﴾ (الصف:٣)، واتە: ئەی ئەوانەی کە بڕوادارن، بۆ ئەوەی کە بە دەم ئەیڵێن و بە ڕەفتار کاری پێ ناکەن؟ (خۆ) گەورەترین تووڕەیی خوا لەوەیە کە بە دەم شتێ بڵێیت و بە ڕەفتار جێبەجێی نەکەیت.

٢. وە ئەو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە باس ئەکات کە لە دۆزەخ کەسانێ بە دەوری ڕیخۆڵەیان خول ئەخۆن، سەبارەت بەم زانا گەلەوە فەرموویەتی هەروەك لای هەمووان ئاشکرایە..

٢. زانایان ئەبێ لە ڕووی فەتوا دانەوە، زۆر پارێزگاری لە زمانیان بکەن و بیر لە ئاقیبەتی فەتواکەیان بکەنەوە:

ئەگەر داوای فەتوا لە زانایەك کرا، ئەوا زانا لە سەریەتی کە هەموو ئەو هۆکارانەی کە ئەبنە بنەڕەت بۆ فەتواکەی ڕەچاویان بکات. یەك لەوانە ئەوەیە کە ئەبێ بزانێ ئەو کەسەی کە هاتووە داوای فەتوای لێ ئەکات، مەبەستی پێ چییە، چ کارێکی بەو فەتوایە هەیە... چونکە خەڵکی هەن پێویستیان بە فەتوایەکە بەس بۆ ململانێ پێ کردنی، نەك بۆ وەرگرتنی هەق.

٣. ئاگـــادار بـــێت، کـــە ئیـــستدراجی نەکـــەن و فەتـــواکەی نەیقـــۆزنەوە بـــۆ مەبەستێکی خراپ:

زۆر لـە زانایـان هـەن کـەوا ئیـستدراج دەکرێن و پـەلکێشی ململانێکان ئەکرێن. بـۆیە ئـەبێ زانایـان زۆر زیـرەك و لـە بـنەبان بـن و زوو تەسـلیم بـە پرسـیاری خەڵکـی نـەبن. وەك عـومەر دەیفەرمـوو: (لست بالخب ولا الخب يخدعني) واتە: مـن فیڵـباز نـیم و فیڵـبازیش ناتـوانێ کـە فـێڵم لێبکات. بێگومان ئەمەش نەفی سـەلامەتی دڵ و وەرگـرتنی ڕواڵەتـەکان ناکـات، بـەڵام تەنها بۆ ئەوە بووە کە ئەگەری شتەکان ئەبێ وەر بگیرێت.

٤. زانایان ئەبێ بوێرو ئازا بن و لە سەرکۆنەی سەر کۆنەکاران نەترسن:

ئـەبێ ناهـەق بە ناهەق بزانن و هەقیش بە هەق، ئەبێ زانایانی ئەمرۆ پیشەنگ بن بۆ هەموو نموونەیەکی ڕاست.

لێرەشدا سێ نموونە ئەهێنینەوە، سەبارەت بە بوێری زانایانەوە:

نموونەی یەکەم: هەڵوێستی (أبی سەعیدی خودری ﷺ) لە گەڵ مەروانی کوڕی حەکـەم، ئـەو کاتەی کە مەڕوان لە جەژن ئەچێ بۆ نوێژ کردن و بەرەو مینبەر بـۆ وتـار خوێندنەوە وە ڕێ کەوت، پێش ئەوەی کە نوێژێ بکات، ئەبو سەعید کەواکـەی گـرت و ڕای تەکانـد و پێـی گوت: بەو خوایە گۆڕاون، مەڕوان گوتی: (قد تُرك ما هنالك) بـەم شـێوە بە ئاشکرا نکووڵی لە هەڵەکانیان ئەکرد، کەچی نەیفەرمـوو: نامەیەکـی بـۆ بنووسـن و بـۆی بنێرن با بە نهێنی لە نێوان خۆم و خۆیدا ئامۆژگاری بکەین.

نموونەی دووەم: هەڵوێستی عیززی کوڕی عەبدولسەلام (سلطان العلماء) لەگەڵ مەلیك (صالح أيوب) کە پێشەوایەتی شامی دەکرد، کە لە بەر خیلافی لەگەڵ کوڕە مامەکانی تەنازولی لە هەندێ قەڵاکان کرد بۆ دیانەکان ، کاتێ کە (عیززی کوڕی عەبدولسەلام) چووە سەر مینبەرو خوتبەی خوێندەوە لە مزگەوتی (بنی امیە) لە دیمەشق لە ڕۆژی هەینیدا گوتی: خودایە کاری ئەم ئوممەتە ڕاستەڕێبکە، ئەوانەی کە ئەهلی تاعەتی تۆن سەربەرزیان بکە، ئەوانەش ڕیسوا بکە کە بێ فەرمانی تۆ ئەکەن، وا بکە کە فەرمان بەچاکەو ڕێگری لە خراپە لە نێو ئەو ئوممەتە بەر قەرار بکە. وە فەتوای دا کە درووست نییە کە چەك بە دیانەکان بفرۆشن، ئەوانەی کە هاتن و لە دیمەشق کڕیان.

مەلیك تووڕە ئەبێت و عیزز بەند ئەکات، لە پێش ئەویش ئیمام ئەحمەد و زۆری تری زانایان لە سەر وشەی هەق بەند کراون، خوا دەفەرموێ: ﴿أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لا يُفْتَنُونَ﴾ (العنكبوت:٢). واتە: ئایا خەڵکی وا حسێب ئەکەن کە بڵێن ئیمانمان هێناوەو تاقی نەکرێینەوە؟! پاشان مەلیك یەك لە دۆستەکانی خۆی ناردە لای و پێی گوت: من واسیتەت بۆ ئەکەم لە لای مەلیك تا لە زیندان ڕزگارت ببێت، بەڵام یەك شتم لێت ئەوێت، ئەویش بێیت عوزر بۆ مەلیك بهێنیتەوەو سەری ماچ بکەیت! عیز فەرمووی، بڕۆ وازم لێبهێنە، بەو خوایە من ڕازی نیم هەتا سوڵتان سەرم ماچ بکات نەك من سەری ئەو ماچ بکەم، خوا بمبوورێت، لەو گرفتەی کە ئێوەی تێدان، بزانن من لە دۆڵێکم و ئێوەش لە دۆڵێکی تر.

مەلیك ئەچێت بۆ چاو پێکەوتنی سەرکردەی دیانەکان و عیز لەگەڵ خۆی ئەبات و لە ژێر ڕەشەماڵێکا لە نزیك خۆی بەندی ئەکات، ئەوە لە کاتێکدا کە

مەلیك خۆی لە گەڵ دیانەکان دانیشتووەو عیززیش خەریك بە قورئان خوێندنەوەبووو دەنگی بۆ لای ئەوان ئەچوو.

مەلیك گوتی: دەزانن ئەوە کێیە کە دەنگی دێت و گوێتان لێیەتی؟

گوتیان: نەخێر

گوتی: ئەوە گەورەترین قسیسەکانی ئێمەیە!!، نەیگوت: گەورەترین زانایانی ئێمەیە، ئەزانن کە بۆچی زیندانم کردووە؟ گوتیان: نەخێر، گوتی: چون فەتوای داوە کە نابێت چەك بەئێوە بفرۆشم!.

ئەوانیش گوتیان: بەو خوایە ئەگەر ئەوە قسیسی ئێمە بوایە ئەوا قاچەکانمان بۆی ئەشت و ئاوەکەیمان ئەخواردەوە.

مەلیك زۆر بە سەر خۆیدا شکایەوەو فەرمانی دا کە دەستبەجێ ئازادی بکەن!!

نموونەی سێیەم: هەڵوێستی شێخ خدر حوسێن شێخی ئەزهەر لە گەڵ موحەممەد نەجیب، ئەو کاتەی کەوا شۆڕشی میسر هەڵایسا، موحەممەد گوتی: پیاوێك و ئافرەتێك لەمەولا بە یەکسان دا ئەنێین!!

شێخ پەیوەندی پێوە ئەکات و پێی دەڵێت: یان پەشیمان ئەبیتەوە، یاخود بەیانی بەجلی کفن دەر ئەچم و زۆربەی زۆری ئەزهەرەیەکانیشم لە گەڵایەو ئەڕژێینە سەر جادەو شۆستەکان، جا یان ژیان دەستەمۆ ئەکەین و یان مردن.

یەکسەر موحەممەد نەجیب و کۆمەڵێ لە وەزیرو دەست و پێوەندەکانی دێنە لای و پێی ئەڵێن شێخە گیان، ئەی پێشەوامان، ئێمە عوزر دەهێنینەوەو ئەوە هەڵەیەك بووەو ڕاستی ئەکەینەوە.

شێخیش دەڵێت: عوزر بۆ من مەهێننەوە، بڕۆن عوزر بۆ خەڵکی بهێننەوە.
گوتیان: ئەوە زۆر ئەکەوێ لە سەر ئێمە کە عوزر بۆ تێکڕای خەڵك بهێنینەوە!
ئەویش ئەڵێت: یان عوزر ئەهێنیتەوە بۆ خەڵکی ئەی موحەممەد نەجیب یان، ئێمە ئەوە ڕەت ئەکەینەوە و بەیانی بە جلی کفن ئەڕژێینە چادەو شۆستەکان!
بۆیە بە ناچاری موحەممەد نەجیب ئەڵێت: ڕۆژنامەکان درۆیان بۆ هەڵبەستووم و من شتی وام نەگوتووە.
بەم شێوە زانست و ئیمان جورئەت ئەداتە زانایان تا هەق بڵێن و لە سەرکۆنەش نەترسن.

دووەم: ئەرکمان چییە لە بەر دەم زانایانمان:

١. مەکانەتی زانایان بپارێزین و فێری ئەدەب ببین لە گەڵیاندا:

وەك:

۞ (حافظ العراقي) بە ڕەحمەت بێت، ئەڵێت: نابێت بۆ قسە کەرێك کە بە ئامادەبوونی کەسێك کە لەو باشتر بێت و قسە بکات، بۆیە ئیبڕاهیم و شوعبی کە بە یەکەوە بوونایە، ئیبڕاهیم بە حزووری ئەو قسەی نەئەکرد.

۞ هەروەها شافعی ئەڵێت: نەمبیستووە کە باوکم گەر مونازەرەی بکردایە، دەنگی بەرز بکردایە.

۞ یان یەحیای کوڕی مەعین بە ڕەحمەت بێت ئەڵێت: ئەگەر کەسێ قسە بکا لە حزوور کەسێك کە لەو باشتر بوو، ئەوا ئەو کەس دەبەنگە.

۞ هەروەها (الصُّعلوكيّ) ئەڵێت: ئەگەر یەكێك بە مامۆستاكەی گوت: بۆچی وا؟ ـ بەگاڵتەوە ـ ئەوا ئەو قەت سەركەوتوو نابێت.

۞ هەروەها ئەبینین كەوا (ابن مسعود) لە گەڵ عومەری كوڕی خەتتاب ئەدەبی وەرگرتووە، ئەو كاتەی كە ساڵێك لە لای ماوەتەوە ویستوویەتی كە پرسیارێكی لێ بكات، كەچی جورئەتی نەكردووەو شەرمی كردووە كە بیكات.

۞ هەروەها (طاووس بن كیسان) بە ڕەحمەت بێت ئەڵێت: ڕیزگرتن لە زانایان لە سوننەتەكانی پێغەمبەرە ﷺ.

۞ زوهری ئەڵێت: سەلەمە زۆر دەبەر ابن عباس ڕا ئەچوو، بەم هۆیەوە لە زانستێكی زۆر بێ بەشبوو.

۞ ئیمام بوخاری بە ڕەحمەت بێت، ئەڵێت: هیچ فەرموودە ناسێكم نەبینیوە بە ڕێزترو شانو شكۆتر بێت لە یەحیای كوڕی موعین.

۞ موغیرە ئەڵێت: ئێمە هێندە ڕیزمان بۆ ئیبراهیم دا ئەنا وەك چۆن ڕیزمان بۆ ئەمیر دا ئەنا.

۞ عەتای كوڕی ڕەباح، دەڵێت: پیاوێك فەرموودەیەكی بۆ گێڕامەوە، وا گوێم بۆی قوڵاخ كردبوو، وەك بڵێی كە قەت گوێم لێی نەبووە، كەچی من ئەو فەرموودەم بیستبوو پێش ئەوەی ئەو كەسە لە دایك بووبێت!.

۞ ئیمام شافعی ئەڵێت: قەت لەگەڵ كەس ڕوو بەڕوو نەبوومەتەوە، تەنها خواستوومە كە هەق لە سەر زمانی ئەو وە دیار بكەوێت.!

۞ باسی یەكێك لە زانایانیان لە تەك ئیمام ئەحمەد كرد، لە كاتێك كە نەخۆشبوو و لە جێگا كەوتبوو، یەكسەر هەڵسایەوەو گوتی: نابێت كە باسی پیاو چاكان بكرێت ئێمەش پاڵكەوین!.

۞ ئیمامی جەزەری ئەڵێت: کەسێ وەرەعی هەبێت، قەت نابێت لە گەڵ زانا لە تێککگیرانا بێت.

٢. بەڵام ئەبێ ئەوە بزانین کەوا هیچ کەسێك بێ تاوان نییە ئەوە نەبێت کە خوا بە بێ تاوانی داناوە، وەك پێغەمبەران و فریشتەکان..

لە گەڵ هەموو ئەوانە ئەبێ بزانین کەوا زۆر بەڵگە نەویستە کە زانایان وەك بابای ئینسانەکان هەڵەیان لێ بپشکوێتەوە. عوزریشیان بۆ ئەهێنینەوە کە ئەگەر ئیجتیهادیان کردو هەڵەیان کرد، کاری ئێمەی ڕوو لە خوا نییە کە بەدوای هەڵەی زانایاندا بگەڕێین. بۆیە سەلەفی ساڵح زۆر چاك لەو مەسەلە گەیشتبوون بۆیە زۆر خۆیان لێی ئەپاراست.

۞ سوفیانی سەوری (بە ڕەحمەت بێت) ئەڵێت: مەحاڵە بێ هەڵەیی لەکەسدا بەدەر کەوێت.

۞ هەروەها ئیمام ئەحمەد، ئەڵێت: جا کێ هەیە کە هەڵە نەکات؟!

۞ ئیمام تیرموزی بە ڕەحمەت بێت، ئەڵێت: (لم يسلم من الخطأ والغلط كبيرُ أحـــدٍ من الأئمة مع حفظهم) هیچ کەس لە گەورە پێشەوایانی شارەزا نییە کە نەکەونە هەڵەو پەڵەوە.

۞ وە (ابن حبان) بە ڕەحمەت بێت ئەڵێت: ئەمە قەت لە ئینصاف و دادگەریدا نییە کە واز لە فەرموودەی شێخێك بهێنرێت لەبەر گومانێك کە پەیوەست بێت بە گێڕانەوەکەی، لەگەڵ ئەوە کە دادگەرییەکەی سەلمێنراو بێت، ئەگەر وا بوایە، ئەوا دەبوو فەرموودەکانی زوهری و ئیبنو جورێجو

سـەوری و شـوعبەمان واز لێهێـنایە، چـون ئـەوان ئەهلـی حیفـزو شـارەزاو وردەکاری بوون، هەر چەند کە بێ گوناهو مەعسوومیش نەبوو ون.

٣. ئـەبێ بـزانین کـە خـیلاف و ناکۆکی هەتا لە سەردەمی یارانی پێغەمبەریش ﷺ هەر هەبوو، بەردەوایش ئەبێت تا هاتنی ڕۆژی دوایی:

بـۆیە ئـەبێ سـینەمان فراوان بکەین لە بەردەم خیلاف زانایاندا، چون هەر یەك لـەوان بۆچـوون و تێگەیـشتنی تایبەتـی خـۆی هەیـە. هـەر یـەك لـەوان بەڵگـە گەلێکـیان لـە بەردەسـتدایە، هـەر یـەك لـەوان ڕا بۆچـوونی خۆیان هەیە، بۆیە شتێکی سرووشتییە کە خیلافیان تێ بکەوێت. بچۆ کتێبی (رفع الملام عن الأئمة الأعـــلام) ی شێخی ئیسلام (ابن تیمیه) ڕەحمەتی خوای لێبێت بدە، ئەو دەم ئەزانـیت کـە خـیلاف و نەگەیـشتنە یـەك بەشـێك بـووە لـە ژیانـی زانایانی ئەو سەردەمە.

٤. (هەڵ)ەکان لە دەست دوژمنان دەربهێنین:

(واتـە دڵـی دوژمنان پێ خۆش نەکەین)و ئاگاداری نیازو مەبەستە گڵاوەکانیان بین. پێویستە بەرگری لە زانایانمان بکەین، نەك ببین بە وەسیلەی گەیشتن بە نەخشەی دوژمنان و بە جۆرێك کە خۆشمان هەستی پێ نەکەین.

٥. گوفـتارێك کـە لـە زانایانمـان بـەر گـوێمان ئەکـەوێت، تەفـسیری خراپـی بۆ نەکەین:

بگـرە لـە چوارچـێوەیەکی باشـدا حـسێبییان بـۆ بکـەین. نەکـەین کـە گومانی خراپییان پێ بەرین، و قسەیان لێ وەر نەگرین.

هەر چەند ئێمە هیچمان لەسەرمان نەکراوە، کە هەر قسەیەك لە دەمی زانایەکەوە هاتە دەرو وەری بگرین، بەڵام لێرە جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان ئەوە کە قەت قسەی زانایەك وەر نەگرین ـ ئەگەر بەڵگەیەك لە دژییەوە وەستایەوە ـ و لە نێوان جەرح کردنی قسەکانیان.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەگەر بە بۆچوونی زانایەك دڵمان ئاوی نەخواردەوە یەکسەر ئابڕووی بە حەڵاڵ بزانین و ڕاست و چەپی لێبگرین و شەن و کەوی کەین و غیبەتی بکەین. بۆیە ئەبینین کە ئیمام شافعی ــ بەڕەحمەتبێت ــ ئەڵێت: (إذا صح الحديث فهو مذهبي) واتە: ئەگەر فەرموودە وەڕاست گەڕا، ئەوە مەزەبی من، کەواتە زانای ڕاست و شارەزاو خۆ بەکەمگر، ئەمە ئاکارو هەڵوێستییان بووە کە ڕازی نەبوو ون خەڵکی شوێن هەڵەکانیان بکەون.

هەروەها لە هێندێ پێشەوایان نەقل کراوە، کە ئەوان لەوە گەیشتبوون کە هیچ کەس بە قەولی هیچ زانایەك خوا پەرست نابێت. چونکە ڕەنگە قەولی ئەو زانایە دژبێ لە گەڵ بەڵگەکان. چون ڕەنگە ئەو زانایە ئەو بەڵگەی نەگەیشتبێت، بەڵام لێرە ئەوەی کە ئەمێنێ ئەوەیە کە نابێ حورمەتیان پێ شێل بکرێت و تانەو تەشەریان لێبدرێت.

عومەری کوڕی خەتتاب ﵁ دەفەرموێت: (لا تظن بكلمة خرجت من أخيك المسلم سوءاً وأنت تجد لها في الخير محملاً) واتە: قەت گومان بەم قسەیە مەبە کە لەدەم برای مسوڵمانت دەر ئەچێت، لەگەڵ ئەوە کە ئەتوانیت بە باشترین مانا لێکی دەیتەوە.

٦. ئاگاداری هەڵەو کەمو کوڕییەکانی خۆمان بین نەك سەرقاڵی عەیب و کەمو کوڕییەکانی خەڵکی بین بە گشتی و زانایان بەتایبەتی:

وەك شاعیر ئەڵێ:

يا واعظ الناس قد أصبحت متهما إذ عبت منهم أموراً أنت تأتيها

أصبحت تنصحهم بالوعظ مجتهداً والموبقات لعمري أنت جانيها

واتە:

ئەو کەسەی بانگی خەڵکی وا لە ئەســـــتۆی

بێگومانبە کە تۆش لە نێو تاوانی ئەوتـــــۆی

ساتێ وایت لە عەیبداری خەڵکـــــــــــدا

کە تۆش وایت هەنگاو ئەنێـــــــــــی بۆی

بانگیان ئەکەی حاڵیان ئەکەی زۆر بە گورجـــی

سوێندە کە سەودای تاوانی گەورە بێ هەر تۆی

بۆیە ئەڵێین: زانایان کەمتەرخەمی ئەکەن، بەڵام ئەوە ناگەیەنێ کە ئەگەر کەمتەرخەم بوون واز لە زانست و کردەوەکانیان بهێنین؟

وەك شاعیر ئەڵێت:

أعمل بعلمي وإن قصرت في عملي ينفعك علمي ، ولا يضرك تقصيري

واتە:

کار بە زانستم کە هەر چەند، بە قسوورم لە کارمدا

سوود مەندی پێی هەردەم، بێزیانیت لە کورتبڕیمدا

سێیەم: ڕێگەی ڕاست بۆ ڕوونکردنەوەی هەق، بەبێ کەوتنە داوی غیبەتی زانایان

هێندێ لە خەڵکی کەوتوونەتە نێوان ئەوپەڕی گرتن و ئەو پەڕی لێگرتن (إفراط وتفــريط)، تاقمی وا هەن تانە ئەگرن لە زانایان و تۆمەتباریان ئەکەن، لە هەر شتێك کە لەدەمی زانایانەوە دەر ئەچێت.

تاقمـی تـریش کاتـێ کـە گوێبیـستی شـتێك ئـەبن لـە زانایەکـەوە یان تاڵبێکی عیلمەوە کە هەق بە بەڵگەی خۆی ڕوون ئەکاتەوە، ئەڵێن: ئەوە کەوتۆتە داوی غیبەتی زانایانەوە و فیتنە ئەنێتەوە.

هەموو ئەو دوو تاقمەش لە بەرنامەی ڕاست و درووست لەم ڕووەوە لایانداوە.

ئـەی کەواتـە مەنهەجـی ڕاسـت و درووست کامەیە کە لە سەری کۆ ببینەوەو بتوانین ئابڕووی زانایانی پێ بپارێزین، وە پابەند نەبین بە قسەی هیچ کەسێك مەگەر بەڵگەیەك پشتی بگرێت؟

ئەتوانین ئەو مەنهەجە بەمشێوەی خوارەوە ڕوونبکەینەوە:

١. جێگیر کردن لە درووستیی ئەو قسەی کە دراوەتە پاڵ زانایانەوە:

بـۆ نمـوونە: هێـندێ شـت لـە زانایانـەوە بـڵاو بـۆتەوە، لەبـەر چـەند شتێك کە ناشـاردرێتەوە، لێـرەدا پێویـستە پـێگیری لـەوە بکـەین کـە ئەو قسە ئی ئەمە یاخـود نـا، چـون ڕەنگـە درووست نەبێت و ئەم قسە ئی ئەمیش نەبێت!، یان هیچ بنەڕەتێکی نەبووبێت، چەن جاری وا هەبووە، کە هێندێ جار هێندێ قسە دراوەتـە پـاڵ گـەورە زانایانەوە، بەڵام کاتێ کە پرسیارمان لێیانکردووە ڕوون

ئەبێتەوە، کە ئەم زانایە بێ تاوانە لەو قسەی کە دراوەتە پاڵی، جاری وا هەیە لە زۆر مەجلیسان یەکێك ڕاست ئەبێتەوەو ئەڵێت: فولانە شێخ ــ خوا هیدایەتی بدات ــ ئاواو ئاوایە ! ! کاتێ کە لێی ئەپرسیت بۆ واتگوت؟ ئەڵێت: ئاخر وا ئەڵێ و وا ئەڵێت.

کاتێکیش کە ئەچیتە لای ئەو شێخەو لێی ئەپرسیت کە تۆ وات گوتووە؟

ئەویش ئەڵێت: بەو خوایە قەت شتی وام نەگوتووە ! !

کەواتە: لێکۆڵینەوە سەنگی مەحەکە بۆ گەیشتن بە مەنهەجی درووست.

٢. بزانین کە وەر نەگرتنی قسەی زانایان و موناقەشەکردن بۆ ئاشکرا بوونی هەق جیاوازیەکی زۆری هەیە لە گەڵ تانە گرتن لە زانایان.

جیاوازیەکی زۆر گەورە لە نێوان ئەم دوو شتەدا هەیە، ئەتوانین کە فەتوایان لێ وەرنەگرین ئەگەر بەڵگەیەك پاڵپشتی ئەو فەتواکەیان نەکات، بەڵام نابێت کە تانەیان لێ بگیرێت.

٣. ئەو کەسەی کە قسە لەسەر زانایەك ئەکات، ئەبێ مەبەستی پێ خودا بێت:

پێویستە ئیخلاص یاوەری هەموو کردەوەیەکی ئینسان بێت، ئاگادار بێت لەوە کە مەبەستی تایبەت و حەزو ئارەزووەکانی، یان خۆهەڵنان و ئۆخەکانی دڵ داینەمۆی ڕەخنەگرتنیان نەبێت لە زانایان، چونکە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فمن كان يرجو لقاء ربه فليعمل عملاً صالحاً ولا يشرك بعبادة ربه أحداً﴾ سورة الكهف: ١١٠. **واتە: جا ئەوەی دەیەوێت بە دیداری پەروەردگاری شاد ببێت،**

با كارو كردەوەی چاكو درووست ئەنجام بدات، وە بەهیچ شێوەیەك لە پەرستنیدا هاوەڵ بۆ خوا بڕیار نەدات.

بۆیە ئەبێ ئاگاداربین، كاتێ كە ڕەخنە لە زانایەك ئەگرین، ئەبێ ئەو پەڕی ئیخلاص و یەكلابوونەوە بۆ خوای تێدا بەرجەستە ببێت. چون ئەگەر وا نەبێت، ئەوە خوخدەی شەیتان دەگەڵی تێكەڵ بە كارەكانی ئەبێت، خوخدەی وەك خۆ دەرخستن و ئەوانەی كە ئەبنە مایەی لەكەڵك خستن و بێنرخكردنی نیازەكان.

٤. ئینصاف و دادگەری:

ئەگەر سەرنجێك لە واقعی هێندێ لە تاڵیبی عیلم بدەین، ئەبینین كە یان هەرچی شتێك لەدەمی هەر زانایەكەوە دەر ئەچێت وەری ئەگرن ، یان بە تێكڕا ڕەتی ئەكەنەوە. هەڵبەت ئەمەش پێچەوانەی فەرمانی خوایە كە باس لە ئینصاف و دادگەری ئەكات، وەك دەفەرموێ: ﴿وَلا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى﴾ (المائدة: ٨) واتە: دوژمنایەتی هیچ كەس و هیچ لایەك واتان لێ نەكات كە لە دادپەروەری لا بدەن، بێگومان دادپەروەری نزیكترە لە تەقواو خواناسییەوە.

كەواتە: ئینصاف و دادگەری بەرنامەی ئەهلی سوننەو جەماعەیە.

شێخی ئیسلام (ابن تيمية) ئەڵێت: (أهل السنة أعدل مع المبتدعة من المبتدعة بعضهم مع بعض) واتە: ئەهلی سوننە بە چەشنێ لەگەڵ بیدعەكاران دادگەرن، كە بیدعەكاران خۆیان لە نێوان خۆیان بۆ یەكتر بەو چەشنە دادگەر نین.

ئینصاف و دادگەریش لەگەڵ زانایان چەند شتێك ئەگرێتەوە:

أـ هەڵدان بەسەر زانایەك بەو ئەندازەی كە هەقییەتی.

ب - زۆر ڕەتنەبوون لە ڕوونکردنەوەی ئەو هەڵەی کە زاناکە تێی کەوتووە، ئەگەر زانایەك هەڵەیەکی کرد، ویستت کە ئەو هەڵە ڕەتکەیتەوە، نەچیت لەدوای ئەوە کە هەموو هەڵەکانی بژمێریت و ئیهانەی بکەیت و ئابڕووی بەریت، بگرە ئەبێ ڕوونکردنەوەی هەڵەکان لە چوار چێوەی ئەو باسە بێت کە تۆ خەریکە ڕوونی کەیتەوە. وە ئاگاداربە کە نەشبیت بە مەقاشی کەسانێك تا لە ئاندازە بەدەر خەریکی بژارکردنی هەڵەکانیت بکات.

٥. بۆ ڕاست کردنەوەی هەڵەی زانایان، با ڕێگەی بەرنامەی فەرموودەناسان بگرینە بەر:

ئەوانەی کە بە کاری ڕوونکردنەوەی هەڵەکان هەڵدەستن و لە نێو هەڵەکانیش زانایەك لە زانایان پشکێکی ئەم هەڵەی بەرکەوتووە، پێویستە کە بەرنامەیەکی وورد بۆ ڕاستکردنەوەو ئاشکرا کردنی هەڵەکان بگریتە بەر کە بەرنامەی فەرموودە ناسان دایانڕشتووە ــ خوا ڕەحمیان پێ بکات ــ لێرەدا چەند نامیلکەیەکی پوخت و قەبارە بچووك و بەنرخ و بەها هەن، کە ئەو بەرنامە ئاشکرا ئەکەن، یەکێك لەوانە بریتییە لە کتێبی: (منهج أهل السنة والجماعة في تقويم الرجال ومؤلفاتهم/ للشيخ : أحمد الصويان) سەرنجی خوێنەری بەڕێزی بۆ ڕا ئەکێشم کە بیخوێنێتەوەو موتاڵای بکات.

٦. ئەبێ بزانین کە هەڵەی زانایان دوو چەشنن:

هەڵە لابەلاکان (الفروع)، وە هەڵەی بنەماکان.

✡ سەبارەت مەسەلە لابەلاکان، بریتییە لە مەسەلە ئیجتیهادییەکان، ئەمەش ئەگونجێت کە خیلاف تێبکەوێت، ئەگەر زانا لەمڕووەوە کەوتە هەڵەیەکەوە، ئەوە هەڵەکەی ڕەتئەکرێتەوە بە بێ ئەوەی کەسایەتی بڕووشێنرێت.

✡ سەبارەت بە مەسەلە بنەڕەتییەکان کە بریتین لە مەسەلە ئەقیدەییەکان (العقائد)، کە پێویستە قسەی ڕاستو درووستی تیا ڕوونبکرێتەوە. پێویستە ئەهلی بیدعەی تیا ئاشکرا بکرێت، وە پێویستە ئاگاداری مەترسیی بانگەوازکاران بکرێت کە بانگەشە بۆ بیدعە ئەکەن. بەڵام بە بێ زیادو بە بێ کەم.

شیخی ئیسلام ئەڵێت: (أهل السنة أعدل مع المبتدعة من المبتدعة بعضهم مع بعض)

وەك لە پێشەوە ڕوونمان کردەوە، ئەهلی بیدعە هێندێکیان دەمیان سوورە بە گۆشتی یەکتر، زۆر ئازان لە خواردنی یەکتر. بەڵام ئەهلی سوننە ئینصاف ئەنوێنن، هەتا لەگەڵ بێ باوەڕانیش هەر داد گەرن. چجای لەگەڵ ئەوانەی کە هەڵەیەکیان کردووەو کوفریش نییە.

هێندێ خەڵکی ئەمڕۆ مەیلێکی زۆریان کردووە بەلای ئەهلی سوننەو جەماعەوە لەمڕووەوە.

چەند تاوێ لەمەوبەر گوێم لەسەر بوردەیەکی زۆر ناخۆشبوو، کە چەند کەسێك کەوتبوونە بژارکردنی چەند هەڵەیەکی ئەقیدەیی چەند بانگەوازکارێك، کەچی بەمەندە نەوێستاون و هەڵساون قسەیان لەسەر خۆی و خاوو خێزان و ماڵ و منداڵیشیان کردووە، (پەنا بەخوا) بۆچی قسە لەسەر خێزان و ماڵ و منداڵی یان کچی ئەکەن؟! چ شتێك وای لێ کردوون کە تانە لە کەسایەتی ئەو بانەگەوازکارە بگرن، لەگەڵ ئەوە خۆ ئەزانین کە قەت بێدەنگ نابین

لەدەرهـەق هەر هەڵەیەکی ئەقیدەیی ئەگەر هەبوبێت و هەوڵی شی کردەوەمان داوە، بەڵام بەو چەشنەی ئەو کەسە کە قەت ناگونجێت!!

٧. کە خالی کۆتاییە، ئەگەر گونجا خۆ بگەینینە ئەو کەسەی کە هەڵەکەی لێ ڕوویداوە، ئـەوە باشـترە، بەڵکـو بە هۆی تێگەیاندنییەوە ئەو کەسە بگەڕێتەوە سەر هەق!

چـون هـەق خۆی مەبەستە، خۆ ئەگەر خاوەن هەڵەکە لە تاوانەکەی پەشیمان بێتەوە لای خەڵکیش ئەمە ڕابگەیەنێت، ئەمە بۆ ئەو باشترە، چونکە ئەگەر تۆ هاتـیت و هەڵەکـەیت بەخەڵکـی ئاشـنا کـردو هاتـیت ڕاسـتییەکەی بـۆ خەڵکی ئاشـکرا بکـەیت، ئـەوە تـەنها نیوەی خەڵك بەم پەشیمانییەی ئەو زانایە باوەڕ ئەکـەن، بەڵام ئەگەر چوویتە لای و ئامۆژگاریت کردو هەڵەکەیت پێ ڕاگەیاند و ترسـی خـوات نیـشاندا، ئـەوە تێکـڕای خەڵکـی ئەمـەیان بـۆ ڕوون ئەبێـتەوەو خەڵکیش ئامادە ئەبن کە قسەی لێوەربگرن.

لە کۆتاییدا:

چەندج کارێك هەن پێویستە کە ڕوون بکرێنەوە:

یەکـەم: ئـێمە بانگەشـەی ئـەوە ناکـەین کەوا کەسەکان بە پیرۆز بگیرێن: یان چـاو پۆشـی لـە هەڵەکانـیان بکـرێ، یـان بێدەنگ بین لە دەرهەق هەڵەکانیان، بەڵکـو بـۆ سـەر مەنهەجێکـی درووسـت بانگـی ئەکـەین، بـۆ ڕوونکـردنەوەی هەقەکان، بەبێ ئەوەی کە بێ حورمەتی لەدەرهەقیاندا ئەنجام بدەین، ئەویش بە بێ زیادو بە بێ کەم، یا بێ زێدەڕەوی و بێ ڕووگرژی نیشاندان.

دووەم: موحەممەد ناصر عومەر، ئەڵێت: لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو نامەیەکی زۆرم پێگەیشتووە: لەوانە ئەڵێت: فولان کەس موخالیفی کۆڕای زانایانە، وە فولان کەس ناکۆکە لەسەر ئەو خاڵەی کە زانایان لەسەری کۆکن، کە بەمە ئەیەوێ فیتنە لە نێو نێوەندی مسوڵمانانەدا بنێتەوە.

منیش بەمانە ئەڵێم: کۆکبوونی تێکڕای زانایان (الإجماع) شتێکی ئاسان نییە، چونکە جیاوایەکی گەورە هەیە لە نێوان کۆڕاو کۆبوون (الإجماع والاجتماع)

کۆڕا (الإجماع) هەروەك زانایان ڕوونیان کردۆتەوە: ئەوەیە کە زانایانی ئوممەت لە سەردەمێك لەسەر دەمەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوا لەسەر شتێك لە شتەکان هامڕاو کۆکبوو ون. ئەگەر یەکێك لەوان موخالیف بووبێتن، ئەوە پێی نەگوتراوە ئیجماع.

کەواتە: ئیجماع چەند زەوابت و مەرجێکی لەسەرە، واتە زۆر شتێکی ئاسان نییە، هەر بۆیە هێندێ لە زانایان ئەڵێن: ئیجماع لە دوای یارانی پێغەمبەرەوە وێك نایەت، لەبەر زەحمەت بوونی ئیجماع لەسەر شتێکەوە. کەواتە با پەلە نەکەن ئەوانەی کە داوای ئیجماع ئەکەن، با بزانن کەوا پەند وەرگرتن لەوە نییە کە خەڵکێکی زۆر قسە لەسەر یەك شت بکەن، بگرە پەند لە ڕاستی و درووستی قسەکانەوە وەر ئەگیرێن کە بەڵگەیەك پاڵپشتی کردبن.

سێیەم: ڕەنگە کاتێ کە هێندێ لە زانایان فەتوایەك ئەدەن چەند هۆکارێك پاڵی پێوە ناون تا ئەم فەتوایە بدەن: هێندێکیش لە زانایان یان قوتابیان ناکۆك بن لەگەل ئەم فەتوایە، دێن تانە ئەدەن لە دژەکانیان، دێن تاوانباریان ئەکەن بەوە کە ئەم زانایە هاتووە ویستویەتی فیتنە بەم فەتوایەی بنێتەوە،

یان ویستوویەتی خۆی لە ناو خەڵکیدا دەربخات، تانەیان لێ ئەدەن و بە نەزان و بە (دن)یان لەقەڵەم ئەدەن.

هەڵبەت ئەم جۆرە کایەش کایەیەکی خراپە، لەسەرمانە لەمجۆرە کارە کە ئاگادار بین ئەمەش لە بەر چەند هۆیەك:

(أ) هەموو کەس لێی وەر دەگیرێ و لێیشی ڕەت ئەکرێتەوە، تەنها پێغەمبەر ﷺ نەبێت.

(ب) ئەوانەی کە ناکۆکن لەگەڵ زانایان، ئەمانیش هەر جێگەی ناکۆکی زانایانن. واتە: چەندی دژ بیت لەگەڵ زانایان، ئەوا زانایانیش هەڵوێستی ئەوەت لێ ئەگرن کە بە دژ تێتبڕوانن ، بۆیە پێویستە تەقدیری دژەکانیان بکەن و ئابڕوویان بپارێزن و غیبەتیان نەکەن.

(ج) ئەبێ بزانین کەوا پیاوان بە تەرازووی هەق ئەکێشرێن و ئەناسرێن، نەك هەق لە ڕێگەی پیاوانەوە بناسرێت.

(د) ڕاستی و درووستی فەتواکە جێگیر بکەین و مەرجەکانی لە نێوان هەردوو کۆمەڵی دژ تەواو بکەین. گرنگ ئەوەیە کە فەتواکانیان ڕاست و درووست بن.

(ه) مەسەلە ئیجتیهادییەکان ئەکرێت ببنە جێکەی خیلاف، چون خیلاف هەتا لە نێوان یارانی پێغەمبەر یشدا ﷺ هەر هەبووە، ئەو کاتەی کە لەمەبەستی پێغەمبەر ﷺ حاڵی نەبوون کاتێ کە فەرمووی: (لا يصلين أحدكم العصر إلا في بني قُريظة) رواه البخاري. واتە: کەستان نوێژی عەسرێ مەکەن لە بەنی قورەیزە نەبێت. یان ئەبینی کە دوای وەفاتی پێغەمبەر ﷺ خیلاف کەوتە نێوان یارانیەوە، بەڵام نەکەوتنە تانەو تەشەر گرتن لەیەکگرتن و شوێن کەوتنی ئابڕووەکانیان.

کەواتــە: پێویــستە، زۆر لــە خــۆمان تــووند نەکــەین و دڵمــان فــراوان بکــەین لەبەردەم ئەو خیلافانەی کە لە مەسەلە ئیجتیهادییەکاندا درووست ئەبن.

(و) موخالیفـبوون نـە هەڵەیـەو نـە تـاوان، عیـبرەت لـەوەش وەر ناگیرێـت بـە تەمـەن بـچووکی یـان گەورەیی ئەو کەسەی کە موخالیفە، بگرە عیبرەت لەوە وەر ئەگیرێت، کە تا چەندی ئەو مەرجانەی تیا مسۆگەرە.

ئاشکرایـشە کـە بـەردەوام زانایـان چ لـە کـۆن و چ لـە نوێ، بچووك موخالیفی گـەورە بووە، چون ئەگونجێ هێندێ جاران هەق لەسەر دەستی بچووکەوە وە دیار کەوێت، نەك گەورە.

بـۆ نمـوونە: شـێخی ئیـسلام (ابـن تیمـیە) ڕەحمەتـی خوای لێبێت، موخالیفی زانایانـی شارەکەی خۆی بووە، لەگەڵ ئەوە کە لە هەمووان بچووکتر بووە، لە دواییشا هەق هەر لەسەر دەست ئەو بەدیار کەوتووە.

نموونەیەك:

بـە ڕێز شێخ (عبد العزیز بن باز) ، موخالیفی شێخ (محمد بن إبراهیم) ڕەحمەتی خـوایان لـێ بـێت بـووە، کەچـی شـێخ مـوحەممەد پـێی نەگوتوە تۆ کێیت کە موخالیفـی مـن بـیت، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر زۆر زانـست و زانـیاری شـێخ مـوحەممەد، لـە دواییـشا ڕای ڕاجیح هەر لای شێخ (عبد العزیز بن باز) وەدیار کەوتووە، ڕەحمەتی خوای لێبێت.

چوارەم: بۆچی هەڵەی زانایان زیاتر لە هەڵەی ئەوانی تر بەرچاوترە؟

هۆیەکەی ئەمەیە: کە زانایان چەپکە گوڵی ئەو ئوممەتەن، ئەوانن کە چاکترین و پێشەنگترینیان، ئەوان ژیانیان لەوانی تر پیرۆزترو گەشەدارترە، بۆیە کاتێك کە هەڵەیەکیان لێ ڕوو ئەدات، زوو وە دیار ئەکەوێت و خەڵکی ئەیبینن، چونکە ئەو هەڵەیەی ئەوان وەك خاڵێکی ڕەشە لەسەر لاپەڕەیەکی سپی.

بۆیە ئەڵێین: زەللەی زانایان دەهۆڵی بۆ ئەکوترێت.

وێنەی زانایان وەك جلێکی سپی وایە، ئەگەر خاڵێکی تێ بکەوێت، بچووك یا گەورە زرو وەدیار ئەکەوێ و ئاشکرا ئەبێت.

بۆیە لێرەدا زانایان لەسەریانە کە زۆر ئاگادار بن و بەردەوام خۆیان بپشکنن، زۆر وردبین و شارەزا بن و ئاگاداری کردەوەکان و هەڵسو کەوتەکانیان بن، لەمسەریشەوە لەسەر خەڵکی پێویستە کە هەڵەی زانایان هەندە گەورە نەکەن و دەهۆڵی خراپیان بۆ نەکوتن.

پێنجەم: ئاگاداری ئەو زەمە بە کە بەهەڵدان ئەچێت:

هێندێ لە خەڵکی دێن تا ئەتوانن خراپەی شێخێك لە شێخەکان باس ئەکەن و هەرچی سیفەتی خراپ هەیە دێن لێی ئەبڕێرن و کۆمەڵێ ناوو ناتۆرەی ناشیرنی ئەخەنە پاڵ، پاشان ئەڵێن: (بەڵام شێخ هەر چۆنێك بێ خۆشەویستە، یان دڵی باشە) !! کە هەڵبەت ئەمەش بانێکەو دوو هەواو هەر بەشێکە لە بەکەمگرتنی ئەو شێخە !

بۆیە پێویستە لەسەر ئەوانەی کە ئەم جۆرە ڕەفتارەیان تێدا مسۆگەرە، زۆر لە خوا بترسن و خۆ لە سزاکانی دوورخەنەوە، وە ئەبێ بزانن کە ئەم جۆرە هەڵوێستە چەندە مەترسیدارە، ئەبێ تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە و داوای

لێخۆشبوون لە خوا بکەن، و عوزر خوایی بۆ ئەوانە بهێننەوە کە بەکەمیان گرتوون.

شەشەم: ئەوانەی کە بێ ئەدەبن لە دەرهەق زانایان، هەڵبەت زوو و درەنگ دووچاری سزایەکی زۆر خراپ ئەبنەوە.

ئیمامی زەهەبی "بەڕەحمەتبێت" لە باسی ژیاننامەی (ابن حزم) ـ بەڕەحمەتبێت ـ ئەڵێت: (شێخ کتێبی زۆری داناوە، وە گفتو گۆی زۆری هەبووە، بەڵام زمانی گرتووەو قەلەمی خۆی پاراستوە لە خراپەی خەڵکیدا، لە گەڵ پێشەوایان قەت بێ ئەدەب و ڕەوشتی خراپی نەبووە، بەڵام دەستەواژەی بەهێزی بەکار هێناون، زانایانیش ئەمەی ئەویان پێ قەبوول نەبووە، هەڵساون جنێویان پێداوەو ڕووشکێنیان کردووە، تا لێی وەدوورکەوتوو ون...)

واقعیش شایەتە، بەوەی کە ئەو کەسەی جنێو بە زانایان بدات و بوێری لەبەردەمیاندا نیشان بدات، ئەوا ئەو کەسە خۆی لەبەر چاوی تاك تاکی خەڵکی ناشیرن و لە بەردڵان ئەکەوێت.

حافیز (ابن رجب) "بەڕەحمەتبێت" ئەڵێت: واقع شایەتە بەمە، کە هەرکەسێك لە هەواڵی خەڵکی بڕوانێ و لە مێژووی دونیادا بگەڕێت، ئەبینین کە ئەو کەسەی کە فیڵی لە براکەی خۆی کردبێت، لە ئاقیبەت فێڵەکەی هەر وەسەر خۆی هەڵگەڕاوەتەوەو ئەوەی کە فێڵیشی لێ کراوە سەرەنجام بە هۆی ئەو فێڵەی کە لێی کراوە سەرفرازو ئازاد بووە.

حەفتەم: ئەو زانایانەی کە گرفتارن بە تانەو تەشەری خەڵکی و قسەو قسەلۆکی خەڵك، پێویستە کە خۆڕاگربن و بە قسەی هیچ کەسێك نەهەژێن: بیر بکەنەوە کە ئەوان لە پێغەمبەران (عليهم أفضل الصلاة والسلام) باشتر نەبوو ون، پێغەمبەری خۆمان ﷺ لە زمانی خەڵکی دەروەستی نەبوو، هەتا تانەیان لە خاوو خێزانی ئەگرت، بەتایبەت لە کێشەی (حادثة الإفك) کە لە دەرهەق عائشەی دایکی بڕوادارن "بەڕەحمەتبێت" ئەبینین کە چ دەردێکیان وە سەر هێنا.

پێویستە لەسەر زانایانیش کە چاو لە پێغەمبەر ﷺ بکەن و شوێنی ئەو بکەون، با بزانن کە دوا ڕۆژ تەنها بۆ پارێزکارانە. وەك خوای گەورە چۆن دوای ئەم هەموو ساڵە دەرووی خێری لە یوسف عليه السلام کردەوە، وك دەفەرموێ: ﴿قَالَ أَنَا يُوسُفُ وَهَذَا أَخِي قَدْ مَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا إِنَّهُ مَنْ يَتَّقِ وَيَصْبِرْ فَإِنَّ اللَّهَ لا يُضِيعُ أَجْرَ الْمُحْسِنِينَ﴾ (يوسف:٩٠) واتە: گوتی: بەڵێ من یوسفم و ئەمەش (بنیامین)ی برامە، خوای (میهرەبان) ڕێزی لێناوین و بەهرەوەری کردووین، ئەوەی خۆ پارێزبێو خۆ ڕاگربێ، بزانە کە خوا پاداشتی چاکەکاران و چاکە خوازان بە زایە نادات.

یان سەبارەت بە موسا عليه السلام دەفەرموێ: ﴿قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ اسْتَعِينُوا بِاللَّهِ وَاصْبِرُوا إِنَّ الْأَرْضَ لِلَّهِ يُورِثُهَا مَنْ يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ وَالْعَاقِبَةُ لِلْمُتَّقِينَ﴾ (الأعراف: ١٢٨). واتە: موسا بە گەلەکەی گوت: پشت بە خوا ببەستن و دان بە خۆدا بگرن بە ڕاستی زەوی موڵکی خوایەو دەیسپێرێت بە هەر کەس کە بیەوێت لە بەندەکانی، بەڵام سەرەنجام لە دونیاو لە قیامەتیشدا هەر بۆ پارێزکارانە.

هەروەها دەفەرموێ: ﴿وَلا يَحِيقُ الْمَكْرُ السَّيِّئُ إِلَّا بِأَهْلِهِ﴾ (فاطر: ٤٣) واتە: پلان و شەڕو تاوان بە سەر ئەوانەدا ئەشکێتەوە کە نەخشەی بۆ ئەکێشن.

شاعیریش ئەڵێت:

ولست بناجٍ من مقالة طاعن
ولو كنت في غار على جبل وعر
ومن ذا الذي ينجو من الناس سالما
ولو غاب عنهم بين خافيتي نسر

واتە:

بێ دەروەستم لەو کەس کە تێمدەگرێ توانجو پلار
هەر چەند لە ئەشکەوتی بەر لوتکەیێ بگرم قەرار
کێن ئەو کەسەی لە دەست خەڵکی دەروەست ببێ
بێ دەروەستە ئەگەر لە نێو خاکا وون بێ یەکجار

هەشتەم: ئاگاداری بەگشتگرتن (التعميم) بە:

کێشەی بە گشتگرتن کێشەیەکی تا بڵێی گەورەیەو مەترسیدارە، خەڵکێکی زۆر کەوتوونەتە داوی ئەم هەڵوێستەوە، کە هەڵبەت ئەمەش ئەگەڕێتەوە سەر کەمی هۆشیاری و کەمی ئینصاف و دادگەری. ئەبینیت هەیە ئەڵێت: زانایان وا ئەکەن، زانایان وا ئەڵێن، زانایان کەمتەرخەمن، زانایان هەڵەشەن... بەم بە گشتیگرتنە ڕوو بەڕووی زانایان ئەبنەوە.

بەلاَم هەڵسو کەوتی ساغ و درووست ئەوەیە کە لە خێردا به گشتگیر بیت، نەك لەشەڕو خراپەدا، وەك باران وابن دەگەڵ خەڵکدا، هەروەك ئەبینین کە فەزڵی خوا چەند گەورەیە کە باران ئەبارێنێت، تاکو کۆمەڵ پێیەوە قازانجگیر ئەبن، بەلاَم کاتێ کە سزا دا ئەبەزێنێت تەنها خەڵکێکی تایبەت پێی تەمێ ئەکات. ئەوەتا ئەفەرموێ: ﴿فَكُلّاً أَخَذْنَا بِذَنْبِهِ﴾ (العنكبوت: ٤٠) واتە: هەر کەس بە تاوانی خۆیەوە ئەگیرێت. هەر لە فەزڵی ئەم خودایەیە کە ڕەحمەت و بەزەیی خۆی ئەگەیەنێتە تێکڕای خەڵك بەگشتی، وەك لە فەرمووده قودەسییەکەدا هاتووەو دەفەرموێ: (هم القوم لا يشقى بهم جليسهم) ئەوانیش کوڕگەلێکن لە کۆڕی زیکرەکە بەدەر نین، یان پێغەمبەر ﷺ بەوانەی کە بەشداری شەڕی بەدریان کردووە دەفەرموێت: (اذهبوا مغفوراً لكم) متفق عليه. واتە: بڕۆن ئێوە خوا لێتان خۆشبووە. لە بارەی سزایشەوە ئەفەرموێت: ﴿وَلا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى﴾ (الأنعام: ١٦٤). واتە: کەس تاوانی کەس لە ئەستۆ ناگرێت.

نۆیەم: لە کۆتاییدا بەوانەی کە قسە لە سەر زانایان ئەکەن و ئەڵێم:

لە خوا بترسن، تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە لای خوا، مەدحی زانایان بکەن هەر بەو ئەندازەی کە غیبەتیان ئەکەن، دەنا هەر ئێوەن خەسارەتمەندو دۆڕاوو دەهۆڵ دڕاو.. ئاقیبەتیش بۆ دەمپاکان و پارێزکارانە.

ئاگادار بن، مەنهەجتان ڕاستکەنەوە، چاو لە ئاقیبەتەکان ببڕن، حورومەتی خوا بپارێزن، خواش ئەتانپارێزێ و لێتان خۆش ئەبێت.

له خوای گهوره داواكارم كه سوودمان پێبدات بهوه زانستهی كه پێیداوین، وه پهنامان بدات له فیتنهی قسهو كردهوهی بێ خێر، (ئامین).

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين